# رۆڵی دامەزراوە زانکۆییەکان لە دەستەبەرکردنی ڕەهەندەکانی ئاسایشی نیشتمانی (ئاسایشی کۆمەڵایەتی وەک نمونە)

م. ی. هۆگر ئیبراهیم حەکیم*

وشە کلیلییەکان: دامەزراوە زانکۆییەکان، ئەرکەکانی زانکۆ، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، کەلتوری دیالۆگ، کۆمەڵگەیەکی میانڕەو
https://doi.org/10.31271/jopss.10054

## پوختە

لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا چیتر ئاسایش چەمکێکی بەرتەسك و یەك ڕەهەند نییە، بەڵکو بووەتە بابەتێکی فراوان و چەندین ڕەهەند و لایەنی جیاواز لەخۆی دەگرێت، جگە لەوەی کاریگەری لەسەر چەندین بوارو سێکتەری جیاواز دەبێت، لەهەمان کاتدا کۆمەڵێك فاکتەریش دەبنە مایەی گۆڕانکاری لە بونیاد و پێکهاتەی ئەم ئاسایشە و ئاستی بەردەوام بوونی. بەتایبەت ئاسایشی نەتەوەیی کە مەودایەکی بەرفراوانتری وەرگرتووە، لەژێر کاریگەری چەندین پرس و کارتێکەری جیاوازدایە، بەتایبەتتر ئەگەر لەروانگەیەکی دامەزراوەییەوە لێکدانەوەی بۆ بکەین. لەم چوارچێوەیەدا ئاسایشی کۆمەڵایەتی کە ڕەهەندێکی دیاری ئاسایشی نەتەوەییە، لەژێر کاریگەری چەند فاکتەرێك دەبێت، دیارترینیان ئەو دامەزراوانەی لە کۆمەڵگە وجودێکی بەردەوامیان هەیەو بەشێکی ڕێرەوی کاری کۆمەڵگە لەئەستۆ دەگرن. لەم توێژینەوە تیۆرییەدا هەوڵماندەوە گرنگترین دامەزراوەی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان ببەستینەوە بەپرسی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئاسایشی نەتەوەییەوە، بەتایبەت ئاسایشی کۆمەڵایەتی کە پەیوەستە بە کاروباری تایبەتی بەڕێوەبردنێکی تەندروستەوە. لەم توێژینەوەیەدا لەمیانەی باس کردن لەهەریەکە لەدامەزراوە زانکۆییەکان و ڕۆڵەکەی لەپاڵ ئاسایشی نەتەوەیی لەمیانەیدا ئاسایشی کۆمەڵایەتی، پاشانیش بەستنەوەی زانکۆ وەك دامەزراوەیەکی گرنگی کۆمەڵگە بەئاسایشی کۆمەڵایەتییەوە، هەوڵدراوە چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ ئەو پەیوەندییەو کاریگەرییەکانی بدۆزینەوە. لە دەرەنجامیشدا گەیشتووینەتە ئەوەی بڵێین زانکۆکان لەرێگەی ئەو ئەرکە بنەرەتیانەی پێی هەڵدەستن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی بنەرەتییەکانیەوە دەتوانن کاریگەریان هەبێت لەسەر فەراهەم کردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە.

## ملخص

## دور المؤسسات الجامعية في ترسيخ الأمن الوطني (الأمن الاجتماعي نموذجاً)

في المجتمعات المعاصرة لم يعد الأمن مفهوماً ضيّقاً و احادية الأبعاد، و إنما أصبح موضوعاً واسعاً يحتمل العديد من الأبعاد و الجوانب المتعددة، يضاف لها تأثيره على مجالات و قطاعات مختلفة، في

* مامۆستا لە کۆلێژی زانستە سیاسیەکان/ زانکۆی سەلاحەدین hogr.hakeem@su.edu.krd

الوقت نفسه هناك مجموعة من العوامل التي تحدث التغير في بنية و مكوّنات هذا الأمن و مدى استمراره. خصوصاً الأمن القومي الذي يحتل مساحة واسعة متأثراً بالعديد من المسائل و المتغيّرات المتباينة، بالأخص ان نظرنا اليه من منظور مؤسساتي. من هذا المنطلق يشكّل الأمن الاجتماعي بعداً بارزاً للأمن القومي، بفعل العديد من العوامل المؤثرة، ابرزها هي تلك المؤسسات التي لها تواجد دائم، و تتكفل مسار العمل المجتمعي. في هذه الدراسة النظرية، حاولنا ربط أحد أهم مؤسسات في المجتمعات الحديثة بالأبعاد المختلفة للأمن القومي، و الأمن الاجتماعي على وجه الخصوص، والذي يتعلق بالشؤون الخاصة و الإدارة الرّشيدة. في هذه الدراسة، و من خلال الحديث عن المؤسسات الجامعية و دورها المساند للأمن القومي متضمناً الأمن الاجتماعي، و من ثم ربط الجامعة كمؤسسة مهمة داخل المجتمع بالأمن الاجتماعي، تم دراسة االإطار النظري لربط تلك العلاقة و ايجاد تأثيراتها. و بالنتيجة توصلنا الى القول بأن الجامعات، وعن طريق وظائفها الأساسية التي تقوم بها سواء بصورة مباشرة، أو غير مباشرة من شأنها، ترك تأثير إيجابي على توفير الأمن الاجتماعي في المجتمع.

**Abstract:**

**The role of university institutions in establishing national security**

**(Social security as a case)**

In contemporary societies, security is no longer a narrow and one-dimensional concept, it has become a broad subject that can be tolerated in many dimensions and aspects, with an impact on different areas and sectors, at the same time, there are a range of factors that change the structure and components of this security and its continuity. Especially national security, which occupies a wide area influenced by many different issues and variables, especially if we look at it from an institutional perspective and examine it. In this sense, social security is a prominent dimension of national security, due to many influential factors, the most prominent of which are those institutions that have a permanent presence and take care of the course of community action. In this theoretical study, we tried to link one of the most important institutions in modern societies to the different dimensions of national security, and social security in particular, which relates to private affairs and good governance. In that study, by talking about university institutions and their supporting role for national security, including social security, and then linking the university as an important institution within society to social security, the theoretical framework was studied to link that relationship and find its effects. As a result, we have come to the conclusion that universities, through their basic functions, either directly or indirectly, will have a positive impact on the provision of social security in society.

# پێشەکی

زانکۆکان لە هەموو وولاتانی جیهان رۆڵێکی گرنگ دەبینن لە کۆمەڵگە لۆکالّیەکانی خۆیان سەرەرای لایەنە زانستیەکان، ئەمیش لەرێگەی ئەو دەرهاوێشتانەی بەشداردەبن لە پێکهێنانی هۆشیاری سیاسی و رۆشنبیری تاك. بەمانایەکی دیکە رۆڵی زانکۆ تەنها لە بوارە زانستیەکان و کەرتی ئەکادیمیدا کورت ناکرێتەوە بە تەنیا، بەڵکو یەکێك لە پێوەرەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و بە شارستانی بوونی دامەزراوەکانی بەستراوەتەوە بە ژمارەی زانکۆکان و ژمارەی ئەوانەی بروانامەیان لەم زانکۆیانە بەدەست هێناوە لەبواری خوێندنی زانکۆیی و خوێندنی باڵادا، کە لە دەرەنجامدا ئەمانە پێکهاتەی سەرەکی و بزوێنەری کۆمەڵگە دروست دەکەن. کێشەکانی کۆمەڵگەو چۆنیەتی چارەسەرکردن و رووبەرووبونەوەی قەیرانەکانی دەوڵەت یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی دامەزراوە زانکۆییەکان لە هەر کۆمەڵگەیەك لەم سەردەمەدا، کە ئەمانە کەشێکی لەبار دروست دەکەن بۆ پیادەکردنی دیموکراسی و بەشداری راستەقینەی تاك لە دروست کردنی رای گشتیدا.

هەروەك ئاشکرایە زانکۆ وا ناسراوە کە خزمەتگوزاری زانستی و فێرکاری و توێژینەوەی پراکتیکی پێشکەش دەکات لەرێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی بەردەستی لەو دامەزراوانەی لە کۆمەڵگە بوونیان هەیە، ئەمەش لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکان وبەدیهێنانی گەشەکردنێکی گشتگیر لەسەرجەم بوارەکاندا. بۆیە ناتوانرێ زانکۆ لە کۆمەڵگە جیابکرێتەوە، پەیوەندی نێوانیان وەك پەیوەندی ئەندامێکە بەجەستەوە. وە هەر پێشکەوتنێك کە زانکۆ پێی دەگات هاوتا دەبێت بە پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەی زانکۆکەی لێیە و چەندین پێشنیار و راسپاردەی بابەتیانە دەخاتەروو بۆ چارەسەرکردنی پرس و کێشەکانی کۆمەڵگە، ئەمە جگە لەوەی لەسەر بنەمایەکی دروست پێشبینی داهاتوو دەکات و بژاردەکان دەخاتە بەردەم لایەنی پەیوەندیدار.

**گرنگی توێژینەوە**

ئاشکرایە کە زانکۆ رۆڵێکی گەورەی هەیە لە کۆمەڵگەدا، بەڵام بەستنەوەی رۆڵی دامەزراوە زانکۆییەکان بە پرسی زەمینەسازی بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی وەك بەشێکی سەرەکی و رەهەندێکی دیاری ئاسایشی نەتەوەیی (نیشتمانی) گرنگیەکی زۆری ئەم توێژینەوەیە دەردەخات. بەتایبەت کاتێك ژانرەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لێکدابرابوون و کەلێنی گەورەی تێدا دروستبوو، ئەوا بناغەی بنیاتنانەوەی ژێرخانێکی دروست لە ئاسایشی کۆمەڵایەتیەوە دەست پێدەکات، لەمەشدا چەندین دامەزراوە دەکرێ رۆڵیان هەبێت، بەڵام کاریگەرترین رۆڵ بۆ ئەو دامەزراوەیە دەبێت کە باگراوندێکی بابەتی و مەعریفی باڵای هەبێت بتوانێت لە دارشتنەوەی ئەم رەهەندەی ئاسایشدا هەم هاوسەنگی و هەمیش سەقامگیری بەدەست بێنێت، گرنگی ئەم توێژینەوە لەو گۆشەیەوە سەیر دەکرێت کە دامەزراوە زانکۆییەکان بەپێشکەشکردنی تاکێکی هۆشیار و دروستکردنی زەمینەیەکی لەبار دەتوانن ژێرخانێك بۆ رێکخستنەوەی پرسەکانی کۆمەڵگە دابرێژن.

**ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجی ئەم توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لە تیشك خستنە سەر ئەو ڕۆڵەی کە دەکرێ زانکۆکان لە کۆمەڵگە پێی هەڵدەستن بۆ کاریگەری خستنە سەر کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ئەرێنی لەپێناو فەراهەم کردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا. بۆیە توێژینەوەکە لەم چوارچێوەیەدا لێکۆڵینەوە لەچەند پرسێکی دیاریکراو لەو بوارەدا بە ئامانج وەرگرتووە، بەتایبەت ڕۆڵی زانکۆکان بەشێوەیەکی گشتی و پێگەیان لەپێشکەوتنی کۆمەڵگەدا. هەروەها ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بزانێت بە چ ڕێگەیەك دەتوانێ بەشداربێ لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا و چۆنیش کێشەکانی چارەسەر دەکات. بۆیە مەبەستمانە بزانین زانکۆ چ پەیوەندییەکی بە بنیاتنانی هۆشیاری تاکەوە هەیەو چۆن لەو ڕێگەیەوە دەتوانێ بەشداربێت لە فەراهەم کردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا. بۆیە توێژینەوە لەو چوارچێوەیەدا بایەخێکی زۆر دەدات بەو ڕۆڵەی دەکرێ زانکۆ بیگێرێ بە ئاراستەی کاریگەریەکی ئەرێنی لە کۆمەڵگە لەلایەن دەستەبەر کردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ڕۆشهنبیرکردنی کۆمەڵگە.

**پرسیارەکانی توێژینەوە**

وەك دیارە هەر دیاردەیەك کە پەیوەندیەکی ئۆرگانی لەگەڵ کۆمەڵگە هەبێت لە دوو کۆمەڵەی جیاوازی گۆڕاوەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوانیش گۆڕاوی ناوخۆیی و گۆڕاوی دەرەکی، ئەمە لەسەر دامەزراوە زانکۆییەکانیش دەکرێ جێبەجێبکرێت لەو ژینگەیەی  زانکۆکەی تێدایە، بەو ئیعتیبارەی زانکۆکان ڕۆڵی جیاوازیان هەیە بەپێی سروشتی کۆمەڵگەکانی خۆیان، کە لەکۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە ئەم ڕۆڵە گۆڕانکاری بەسەردادێت. لێرەوەیە کە ئەو گرفتە دێتە پێشەوە بۆ توێژینەوەکە، بۆیە دەکرێ گرفتەکانی ئەم بابەتە بکەینە چەند پرسیارێك و بەدوای وەڵامەکەیدا بگەڕێین، لەم چوارچێوەیەدا پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بریتی دەبێت لە: ئایا دامەزراوە زانکۆییەکان دەتوانن ژینگەیەکی لەبار بهێننە کایەوە کە ببێتە مایەی بەدیهێنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی؟

لەپاڵ ئەم پرسیارە سەرەکیەدا چەند پرسیارێکی دیکەش دێتە پێشەوە کە پێویستیان بەوەڵامدانەوەیە:

١- ئەرکەکانی زانکۆ چین و چۆن زانکۆ دەتوانێ لەمیانەی ئەرکە هەمەچەشنەکانیدا بەشدار لەپتەو کردنی پەیوەندییەکەی لەگەل کۆمەڵگە و چۆن دەتوانێ کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخواز بنیات بنێ؟

٢- پەیوەندی زانکۆ و ئاسایش چییە ڕۆشنبیری دیالۆگ و چۆن دەتوانێ تاکێك دروست بکات کە ڕێز لە بەها دیموکراسیەکان بگرێت؟

٣- گرنگترین ئەو بەستەرانە چین کە زانکۆ بە پرسی حوکمرانی و زەمینەسازیەکانی کۆمەڵگەیەکی هۆشیار دەبەستێتەوە؟

٥- ئەو ڕێگاو ئامرازانە چین کە زانکۆکان بەکاریدەهێنن بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا؟

**گریمانەی توێژینەوە**

وەك وەلامێك بۆ پرسیاری توێژینەوەكەوە هەروەها بۆ تێگەیشتن لە سروشتی ئەو رۆڵەی دامەزراوە زانكۆییەكان دەیگێرن لە دەستەبەركردن و پتەوكردنی ئاسایشی كۆمەلایەتی، گریمانەی ئەوە دەكەین كە ئەگەر دامەزراوە زانكۆییەكان بتوانێ بە رۆڵە بنەرەتیەكەی هەڵبسێت لەبواری مەعریفی و پەرپێدانی سیاسیدا، ئەوا دەتوانێ رۆڵێكی كاریگەری هەبێت لە فەراهەم كردنی ئاسایشی كۆمەلایەتی. چونكە ئەمە بە پلەی یەك بەستراوەتەوە بە رووە راستەقینەكەی زانكۆ و رۆڵە بنەرەتیەكانی لە كۆمەڵگە و پێگە كاریگەرەكەی لە راستكردنەوەی لاریەكان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ قەیران و كێشەكانی كۆمەڵگە.

**میتۆدی توێژینەوە**

بەو پێیەی سروشتی توێژینەكە لە جۆری توێژینەوە وەسفیەكانە، هەروەها ئامانجی ئاشكراكردنی واقعی دیاردەو رووداوەكانە، دەیەوێ وەصفێكی وورد و گشتگیری سەرجەم بوارەكانی بابەتی توێژینەوە بكات و پاشان شیكردنەوەیان بۆ بكات. هەروەها توێژینەوەكە پێویستی بە میتۆدی شیكاریش هەیە بۆ شیكردنەوەی پەیوەندییەكە، بۆیە میتۆدی شیكاری گونجاوترین میتۆدە بۆ توێژینەوە لەو بابەتانەی كە رەهەندێكی ئاسایشیان هەیە.

**پێكهاتەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوە جگە لە پێشەكی، بەسەر سێ بەشی سەرەكیدا دابەش كراوە. لە بەشی یەكەمدا باس لە پەیوەندی نێوان كۆمەڵگەكان و زانكۆكان دەكەین كە لەمیانەیدا تیشك دەخەینە سەر ئەو رۆڵەی زانكۆكان دەیگێرن لەچوارچێوەی پرسەكانی كۆمەڵگەدا. بەشی دووەمیش تەرخان كراوە بۆ بابەتی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی كۆمەلایەتی و رەهەندە جیاوازەكانی ئەو ئاسایشە. هەروەها بەشی سێیەمیش تایبەت كراوە بە تیشك خستنە سەر زانكۆ و پێكهێنانی كۆمەڵگەیەكی ئاشتیخواز، كە لە میانەی ئەو بەشەدا شیكردنەوە دەكەین بۆ رۆڵی زانكۆ لەو بوارەدا كە چۆن دەكرێت لەمیانەی رۆڵە هەمەچەشنەكەیەوە بەشدار بێ لە پتەوكردنی پەیوەندیەكانی لەگەڵ كۆمەڵگەو بەرێوەبردنی كۆمەڵگە، هەورەها تیشك دەخەینە سەر ئەوەی كە دەكرێ زانكۆكان چی بكەن لە بواری دەستەبەركردنی ئاسایشدا، هەروەك چۆن رۆڵی زانكۆ دەردەخەین لە بلاوكردنەوەی رۆشنبیری دیالۆگی ئاشتیانە.

# ١. زانکۆ و کۆمەڵگە

## ١- ١. چەمکی زانکۆ

زانکۆ وەك دامەزراوەیەکی زیندووی نێو کۆمەڵگەی مۆدێرن دەکرێ بە چەندین شێوە پێناسە بکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بگوترێ کە زانکۆ دامەزراوەیەکی زانستی سەربەخۆیە کە پەیکەرێکی رێکخراوی دیاریکراوی هەیەو خاوەنی سیستەم و ستراکچەر و نەریتی ئەکادیمی تایبەتە، کە رۆڵە سەرەکیەکانی خۆی دەبینێتەوە لە وانەپێدان و توێژینەوەی زانستی و خزمەتکردنی کۆمەڵگە، وە لە کۆمەڵێك کۆلێژ یان فاکەڵتی و بەشی زانستی پسپۆر پێکدێت، هەروەها پرۆگرامێکی دیراسی هەمەچەشن پێشکەشدەکات لە پسپۆریە جیاوازەکان چ لەسەر ئاستی بەکالۆریۆس بێت یانیش لەسەر ئاستی خوێندنی باڵا، کە لەمیانەی ئەم کارە پلەی زانستی و بروانامە بە خوازیاران دەدات[١].

هەروەها دەتوانین لە گۆشەیەکی جیاوازتر لە زانکۆ بروانین و پێناسەی بکەین بەوەی " دامەزراوەیەکی کۆمەڵگەیە کە کۆمەڵگە پەرەی پێداوە بە ئامانجێکی بنەرەتی کە خزمەتکردنیەتی، وە خزمەتکردنی کۆمەڵگە بەپێی ئەم تێگەیشتنە سەرجەم لایەنەکانی چالاکیەکانی زانکۆ دەگرێتەوە" [٢] هەروەها زانکۆ پێناسە دەکرێت بەوەی گوزارشتە لە کۆمەڵگەیەکی زانستی کە گرنگی بە توێژینەوە دەدات سەبارەت بە راستی شتەکان و ئەرکە بنەڕەتیەکانی بریتی لە فێرکردن و توێژینەوەی زانستی و خزمەتکردنی ئەو کۆمەڵگەیەی کە زانکۆکەی تێدایە.[٣] لەم پێناسەدا جەخت لەسەر گرنگترین ئەو ئەرکانە دەکاتەوە کە زانکۆ پێی هەڵدەستێ بەرامبەر کۆمەڵگە کە خۆی لە توێژینەوەی زانستی و فێرکردن و خزمەتکردنی کۆمەڵگەدا دەبینێتەوە.

## ١- ٢. ئەرکەکانی زانکۆ

شتێك کە گومانی لەسەر نەبێت ئەوەیە زانست و فێرکردن رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە گەشەسەندنی کۆمەڵگەو بەرەوپێشەوەبردنی ئەمەش لەمیانەی بەشداری دامەزراوەکانی زانکۆ لە دەرچوواندنی کادیری مرۆیی راهێنراو لەسەر کارکردن لەسەرجەم بوارەکان و پسپۆریە جیاوازەکان، بۆیە زانکۆ بە گرنگترینی ئەو دامەزراوانە دادەنرێت کە کۆمەڵێك ئامانج دەوریان داوە کە خۆی لە سێ ئەرکە سەرەکیەکەی زانکۆدا دەبینێتەوە، ئەوانیش بریتین لە (فێرکردن، ئامادەکردنی سەرچاوەو

---

[١] مليجان معيض الثبيتي : الجامعات ، نشأتها ، مفهومها ، وظائفها " دراسة وصفية تحليلية " المجلة التربوية، الكويت، جامعة الكويت، مجلس النشر العلمي ع ٥٤ ٢٠٠٠ ص ٢١٤ .

[٢] محمود أحمد شوق، محمد مالك محمد سعيد: تقويم جهود الجامعات الإسلامية نحو خدمة المجتمع والتعليم المستمر " دراسة مقارنة قدم في "المؤتمر القومي السنوي الثاني لمركز تطوير التعليم الجامعي" الأداء الجامعي والكفاءة والفاعلية والمستقبل، جامعة عين شمس، مركز تطوير التعليم الجامعي ١٩٩٥ ص١٤٩ .

[٣] أحمد أبو ملحم : أزمة التعليم العالي، وجهة نظر تتجاوز حدود الأقطار، الفكر العربي، بيروت، معهد الانتماء العربي ١٩٩٩ ص ٢١.

هێزی مرۆیی، توێژینەوەی زانستی، هەروەها لەسەرووی هەموویانەوە خزمەتکردنی کۆمەڵگە).[٤]

زانکۆ بە گرنگترین دامەزراوەی کۆمەڵگە دادەنرێت کە پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ دۆخی کۆمەڵگە هەبێت، بەشێوەیەك کە هەم کاریگەری هەیە لەسەر کۆمەڵگەو هەمیش کاریگەر دەبێت بە دۆخی کۆمەڵگە. لەلایەك دروستکراوی خودی کۆمەڵگەکەیەو لەلایەکی دیکەوە ئامرازی کۆمەڵگەیە بۆ دروستکردنی سەرکردە تەکنیکی و تایبەتمەند و سیاسی و حزبیەکانی کۆمەڵگە. لێرەوەیە کە هەر زانکۆیەك پەیامێکی هەیە کە دەیەوێ بەدی بهێنێ، زانکۆکان لەسەدەکانی ناوەراست ئامانج و پەیامەکەی جیاوازە لەو پەیام و ئامانجانەی ئێستا لەسەردەمی هاوچەرخدا هەڵگریەتی، هەروەها هەر کۆمەڵگەیەکیش سروشتێکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ زانکۆ کە لەگەڵ خۆی دەگونجێ.[٥]

سەبارەت بەو ئەرکەی زانکۆ کە شوێنی گرنگیدانی ئێمەیە، بریتیە لە ئەرکی خزمەتکردنی کۆمەڵگە. بووەتە ئەرکێکی بنەرەتی کە خزمەتگوزاریەکانی بەشێوەیەکی راستەوخۆ پێشکەشی تاکەکانی کۆمەڵگە بکات جا چ لەسەر شێوەی بەرنامەی فێرکاری بێت، یان لە چوارچێوەی پرۆگرامی فێرکاری لە شێوەی پرۆگرامی پەروەردەکردن یان پرۆگرامی دووبارە راهێنانەوە، یانیش پرۆگرامی گواستنەوە بەرەو پیشەیەکی داواکراو لە کۆمەڵگە کە ئەم تایبەتمەندیە بۆ ئەو پیشەیە پێشتر لە تاکەکانی کۆمەڵگە بوونی نەبووە. ئەوە بووە هۆی زانکۆ لەو دوورەپەرێزیەی خۆی بێتە دەرەوەو دەرگا بەرووی کۆمەڵگەدا بکاتەوە، چونکە ئەو کاتەی زانکۆ لە کۆمەڵگە دووردەکەوێتەوە و هەڵوێستی نابێت و ئاگادار نابێ لەوەی چی لەدەوروبەری دەگوزەرێت و نابەسترێتەوە بە رەوتی پێشکەوتووی ژیان، بەم شێوەیە زانستیش بەها کۆمەڵایەتی تەنانەت مەعریفیەکەی خۆیشی لەدەست دەدات، ئیتر فێرکردن دووردەبێت لە پێداویستیەکانی کۆمەڵگەو بەرێوەچوونی رووداوەکان، ئەمەش تەنیا بەوە چارەسەر دەبێ کە زانکۆ بە رۆڵە سەرەکیەکەی خۆی هەڵبستێت کە خۆی دەبینێتەوە لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە.[٦]

لەم چوارچێوەیەدا دەکرێ بگوترێ خزمەتکردنی کۆمەڵگە بە بەهاترین ئەرکی زانکۆ دادەنرێت لە ئێستادا، چونکە لەرێگەی خزمەتکردنی کۆمەڵگەوە ژینگەیەکی لەبار دروستدەکات بۆ پیادەکردنی پرەنسیپە دیموکراسیەکان و بەشداری کارای تاك لە رای گشتی و لەبەرێوەبردندا، چونکە ئەوانەی لە زانکۆ دەردەچن لەرێگەی پسپۆریەکانیانەوە توانستێکی بەرزی بەشداری و هاوبەشییان تێدا دروست دەبێت بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو کە بتوانێ بەسەر کێشەکانیدا سەرکەوێت، هەروەك چۆن ئەوانە ئارەزووی ئەوەیان بۆ دروست دەبێت کەبەدوای زانیندا (مەعریفە)دا بگەرێن و رووبەرووی ئاستەنگەکان ببنەوە لەچوارچێوەی میتۆدێکی کارکردنی وورد کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی

---

[٤] إبراهيم عبد الرافع السماد وني، سهام ياسين أحمد: تفعيل دور عضو هيئة التدريس بالجامعات المصرية في مجال خدمة المجتمع، مجلة التربية، كلية التربية، جامعة الأزهر، جزء أول ٢٠٠٥ ص١٧.

[٥] عبد الرحمن العيسوي: تطوير التعليم الجامعي العرب، الإسكندرية، منشأة المعارف د.ن ص ١٠.

[٦] عمر الأسعد: الجامعات العربية حتى عام ٢٠٠٠ الواقع التصورات المستقبلية، المؤتمر العام السادس لاتحاد الجامعات العربية، التعليم الجامعي والعالي في الوطن العربي عام ٢٠٠٠، صفاء الأمانة العامة لاتحاد الجامعات العربية ١٩٨٨. ص٦

و ئابووری و سیاسی کۆمەڵگەی لەبەرچاوگرتبێت[٧].

**١- ٣. ئامانجەکانی زانکۆ لە کۆمەڵگە**

زانکۆ هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە، تا هەموو وێستگەو قۆناغەکانی پێشکەوتن و گۆرانی سروشتەکەی، هەمیشە کۆمەڵێك ئامانجی هەبووە، بەڵام ئەوانەی پسپۆرن لەبواری زانکۆکان پێیان وایە زانکۆ سێ کۆمەڵەی جیاوازی ئامانجی هەیە، دەکرێ ئامانجەکان بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:[٨]

یەکەم: ئامانجە مەعریفیەکان، ئەوانەن کە زانکۆ هەمیشە بەدوای مەعریفەی تازەدا دەگەرێت و پەرەی پێ دەدات و هەوڵ دەدات لەرێگەی دامەزراوەکانیەوە بڵاوی بکاتەوە و بیکاتە مەعریفەیەکی مرۆیی.

دووەم: ئامانجی ئابووری، کە یەکێك لە ئامانجەکانی بنیاتنانی زانکۆکان بریتیە لە پەرەپێدانی ئابووری کۆمەڵگە و کارکردن بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو ئابووریە بەو پێداویستیانە کە پێشکەوتنی ئابووری دەیخوازێ لە توانا مرۆیی و ئەو توانست و لێهاتوویەی تاکەکان بۆ ئەو مەبەستە پێویستیانە بۆ ئەوەی هاوکاری کۆمەڵگە بێت بەسەر کێشە ئابووری و قەیرانە ئابووریەکانیدا زاڵ بێت، ئەمە جگە لەوە بابەتی گەشەپێدانی ئابووری پێویستی بە توانست و بەهای ئابووری هەیە کە یەکێکە لە دەرهاوێشتەکانی زانکۆ.

سێیەم: ئامانجی کۆمەڵایەتی: خزمەتکردنی پێداویستیەکانی کۆمەڵگە ئامانجێکی بنەرەتی زانکۆکانە، کە دەکرێ لەم رێگەیەوە کاربکرێت بۆ سەقامگیرکردنی کۆمەڵگە و سەرکەوتن بەسەر ئەو کێشانەی رووبەرووی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەبنەوە لە کۆمەڵگەدا.

بەڵام ئامانجە کۆمەڵایەتیەکانی زانکۆ دەکرێ لە چەند خاڵێکدا کورت بکرێنەوە:[٩]

١. پاڵپشتی کردنی کۆمەڵگە بە پێدانی دەستی کاری راهێنراو کە بگونجێ لەگەڵ سروشتی کارە جیاوازەکان.
٢. راهێنانی قوتابیان لەسەر پیادەکردنی چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری، ئالودەبوون، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی و چەندین چالاکی هاوشێوەی ئەمانە.
٣. پێکهێنانی عەقلیەتێکی هۆشیار و کراوە بۆ کێشە گشتیەکان کۆمەڵگەو ژینگەی لۆکالی

---

٧ مجدي عزيز إبراهيم: المنهج التربوي وتحديا العصر، القاهرة، عالم الكتب ٢٠٠٢ ص ٧٦ – ٧٧.

٨ عبد السلام عبد الغفار، دعوة لتطوير التعليم الجامعي، بحث منشور في مجلة " دراسات في التعليم الجامعي " جامعة عين شمس " مركز تطوير التعليم الجامعي " القاهرة ، عالم الكتب ١٩٩٣ ص١٤ .

٩ إيناس عبد المجيد حسن، تطوير أهداف التعليم الجامعي المصري في ضوء بعض المتغيرات العالمية والمحلية والاتجاهات المستقبلية وتحديات معوقات تحقيقها " دراسة ميدانية على جامعة الزقازيق " " المؤتمر القومي السنوي الثاني لمركز تطوير التعليم الجامعي، الأداء الجامعي الكفاءة والفاعلية والمستقبل، جامعة عين شمس، مركز تطوير التعليم الجامعي ١٩٩٥ ص٥٢١-٥٢٢

تایبەت.

٤. بەستنەوەی زانکۆکان بە دامەزراوە ئەمنیەکان و بنیاتنانی پەیوەندییەکی پتەو.
٥. بەستنەوەیەکی پتەو لەنێوان جۆری توێژینەوە زانستیەکان و کێشەکانی کۆمەڵگەی خۆجێیی.
٦. روونکردنەوەی دەرەنجامی توێژینەوەکان و بڵاوکردنەوە بە ئامانجی ئەوەی کۆمەڵگە سود لەم دەرەنجامانە وەرگرێت.
٧. ئەنجامدانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی گشتگیر و فراوان کە چارەسەری ئەو کێشانە بکات کە یەکداچوونە.

هەروەها دەکرێ کۆی ئەو خزمەتانەی زانکۆ بە کۆمەڵگەی دەگەیێنێت لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:[١٠]

١. ئامادەکردنی رەگەزی مرۆیی کە بتوانێ پەرەپێدانی تەواو بهێنێتە کایەوە لەمیانەی ئامادەکردنی هێزی کار کە بتوانێ رووبەرووی گۆرانکاریە زانستی و تەکنەلۆجیەکان ببێتەوە لەم جیهانە هاوچەرخەدا.
٢. پێدانی دەرفەت بە دەستەی وانەبێژان بە تایبەت ئەوانەی خاوەن شارەزاییەکی زۆرن، بۆ ئەوەی دامەزراوە جیاوازەکانی کۆمەڵگە سودیان لێ وەرگرێت لە بوارەکانی ئاسایشی و کۆمەڵایەتیدا.
٣. گرنگیدان بە توێژینەوەی زانستی و کۆنفرانسی زانستی کە بەشداردەبن لەبەرو پێشەوە بردنی کۆمەڵگە و چارەسەرکردنی کێشەکانی، سەرەرای ئەوەی چەندین راوێژی بابەتی و زانستی هەیە کە زانکۆکان پێشکەشی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دەکەن بەگشتی.
٤. فێرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە لە تەمەنە جیاوازەکان (فێرکردنی بەردەوام) و راهێنانی بەردەوامی پیشەمەندان بۆ بەرزکردنەوەی توانستیان و بەدەسهێنانی شارەزایی پێویست بۆ ئەنجامدانی پیشەیەك لەکۆمەڵگە لەچوارچێوەی پرۆژەی نەهێشتنی بێکاریدا.
٥. بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەی خۆجێی لەرێگەی کۆنگرەو وانەکان کە یارمەتیدەریانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و گونجان لەگەڵ کۆمەڵگەکەیان.
٦. بەستانی بازنەی دیالۆگ و کۆنگرەو کۆنفرانسی زانستی بۆ دەرچووانی بۆئەوەی ئامادەبن بۆ هەموو پێشهاتە نوێیەکان لەبواری پسپۆرییەکانیان و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەژیانیان رووبەروویان دەبێتەوە.
٧. پرۆگرامی رۆشنبیری و هۆشیارکردنەوە پێشکەشی قوتابیەکانی دەکات کە ئاستی رۆشەنبیریان بەرز دەکاتەوەو دەیانبەستێتەوەو بەژینگەو کۆمەڵگەکەی.

[١٠] الدكتور فواز عقل، دور الجامعة في خدمة المجتمع، بحث منشور على رابط التالي:

وێنەی ژمارە (١) هێلکاری ڕەهەندەکانی خزمەتگرتنی کۆمەڵگە لەلایەن زانکۆوە




## ٢. ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی کۆمەلایەتی

ئاسایش لەزمانەوانیدا پێچەوانەی ترسە، لە زمانی ئینگلیزی بە security ناسراوە، بەمانای هەست کردن بە دڵنیایی و ئاسایش، بەو مانایەی کە هیچ مەترسیەکی ڕاستەقینە نییە. ووشەی "ئاسایش" یەکێکە لەو دەستەواژانەی کەلەزۆر زانستدا بەکاردێت و بەتایبەتیش لەبواری سیاسیدا ئەم ووشەیە گرنگیەکی زۆری هەیە، هەروەها بەشێکی زۆری ئەرکەکانی دەوڵەت بەو ووشەیەوە بەستراوەتەوە. ئاسایش باشترین دەستەواژەیە بۆ گوزارشت کردن لە باری ئاسایش و هێمنایەتی هەر ووڵاتێك لەم سەردەمە پێشکەوتوودا.[١١]

ڕۆبەرت مەکنمار وەزیری پێشووتری بەرگری ئەمریکا، لە کتێبی "جوهر الامن" دەڵێ ( ئاسایش واتای پێشکەوتن و گەشەپێدان دەگەیێنێت ئیدی لەرووی ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان سیاسیەوە بێت، چونکە هیچ جیاوازیەك نییە)[١٢].

ئاسایش بەشێوەیەکی گشتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی تایبەتی، یەکێکە لەو بەردە بناغانەی کە هەموو پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەی لەسەر بنیاتنراوە، کە ئاسایش بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی هەیە لە بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکانی کۆمەڵگە، کە ئەمەش داواکاریەکی بنەرەتیە کە هەموو تاکێك خوازیاریەتی هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە. لەهەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی

[١١] عمر احمد قدور، ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی دەوڵەت، و:ئازاد گراوی، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر٢٠٠٩، ل ٩-١٠

[١٢] روبرت ماکنمار، جوهر الامن، ترجمة: یونس شاهین، الهیئة المصریة العامة للتالیف و النشر، القاهرة ١٩٧٠، ص١٢

ژیانی مرۆیی، مرۆڤ پێویستی بە ئاسایش دەبێت. لێرەوە پێویست دەکاتە سەر دەوڵەت و حکومەت و ڕێکخراوەکان کە کارێکی زۆر بکەن بۆ بەدهێنانی ئاسایش لەسەر ئاستی خێزان و لادێ و شار و دەوڵەت، یانیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، چونکە ئاسایش ڕەگەزی سەرەکی سەقامگیربوونی ئاسایشی مرۆییە.

**٢- ١. ئاسایشی نەتەوەیی**

ئاسایشی نەتەوەیی یەکێکە لەو وشانەی لەچوارچێوەی مامەڵە نێودەوڵەتیە هاوچەرخەکاندا باس دەکرێت لەپاڵ "ئاسایشی هەرێمی" "ئاسایشی نێودەوڵەتی" "ئاسایشی بەکۆمەڵ" "ئاسایشی هاوبەش". بەڵام لەرووی ماناوە جۆرێك لەهاوتابوون هەیە لەگەڵ "ئاسایشی نیشتمانی. بەشێوەیەکی گشتی ئاسایشی نەتەوەیی کۆمەڵێك بنەمای دینامیکیە کە پێویستە دەوڵەت پارێزگاری لێبکات و دەوڵەتانی دیکە ناچار بکات کەرەچاوی بکەن و جۆرێك لەپارێزکاری بۆ هەرێمی دەوڵەتەکەی دابنێ.[١٣]

توێژەران سەبارەت بە چەمکی ئاسایش و چۆنیەتی دیاریکردنی رەهەندەکانی جیاوازی بۆچوونیان هەیە، بەشێوەیەك کە هەندێك لەو توێژەرانە پێیان وایە ئاسایشی نەتەوەیی واتە ئاسایشی دەوڵەت بەرامبەر هەر هەرەشەیەکی دەرەکی، بەڵام ئەم تێگەیشتنە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی تێگەیشتنێکی بەرتەسکە. لەبەرامبەردا چەندین توێژەری دیکە هەوڵیان داوە پێناسەو تێگەیشتنی ئاسایش فراوانتر بکەنەوە بۆ ئەوەی سەرجەم ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لەخۆی بگرێت. هەر لەبەر ئەمەیە کە دەکرێ بەم شێوەیە پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی بکەین بەوەی "بریتیە لە تێکەڵەیەك لەنێوان توانستە نەرم و ڕەقەکانی دەوڵەت بە ئامانجی پاراستنی ژێرخانی نێوخۆیی دەوڵەت و بەشداربوون لە بەدیهێنانی بەرژەوەندیە دەرەکییەکانی دەوڵەت" [١٤]

لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین چوار ئاست بۆ ئاسایش دیاری بکەین[١٥]:

١. اسایشی تاك بەرامبەر هەر مەترسییەك کە هەرەشە بخاتە سەر ژیان و خێزان و مولکەکانی.
٢. ئاسایشی نیشتمان بەرامبەر هەر مەترسیەکی دەرەکی و نێوخۆیی بۆ سەر دەوڵەت، ئەمەیانە کە زۆر جار پێی دەگوترێت ئاسایشی نیشتمانی.
٣. ئاسایشی ئیقلیمی، ئەمەش بە مانای ڕێککەوتنی چەند دەوڵەتێك لە چوارچێوەی یەك ناوچەدا لەسەر پلانێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیە نێوخۆیی و دەرەکییەکان، ئەمەیانە کە پێی دەگوترێت ئاسایشی نەتەوەیی
٤. ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەمەش زیاتر لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە کاری لەسەر

---

[١٣] بارزان جوهر صادق، هەرەشە ناوخۆییەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان-عیراق، گۆڤاری لێکۆڵینەوە سیاسی و ئەمنییەکان، وەرزی ٣، ژمارە ٦، ٢٠٢٠، ل ل ٨٥-١٣٠

[١٤] أحمد أمين عبد العال، الامن القومي العربي بين النظرية و التطبيق، المركز الديمقراطي العربي، بحث منشور في:

[١٥] د. زكريا حسين " مدير سابق لأكاديمية ناصر العسكرية بمصر"، الأمن القومي، تحميل من الإنترنت pdf، ص٥

http://www.faculty.yu.edu.jo/jawarneh/DownloadHandler.ashx?...

دەکرێت چ لەچوارچێوەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بێت یانیش لە ئەنجومەنی ئاسایشەوە بێت، کاری سەرەکی بریتییە لە پاراستنی ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی.

چەندین بۆچوون و تیۆری جیاواز سەبارەت بە مەفهومی ئاسایشی نەتەوەیی خراوەتە ڕوو، بەتایبەت ئەو ستونانەی کە ئاسایشی نەتەوەیی پشتی پێ دەبەستێت، لەم چوارچێوەیەدا چەندین چەمك هاتنە کایەوە، وەك ئاسایشی ستراتیژی کە بنیاتراوە لەسەر تیۆرەکان بەرپەچدانەوەو هاوسەنگی و مەترسیە پێشبینیکراوەکان، هەروەها جولانی پێشوەختە و لەخۆگرتنی قەیرانەکان. بەپێی ئەم بۆچوونە بێت چەمکی ئاسایش هەروەك لە پێناسەکانی دائیرەی مەعاریفی بەریتانیدا هاتووە، بریتیە لە "بریتیە لە پاراستن و پارێزگاری کردن لەووڵات بەرامبەر ئەو ستەم و مەترسیانەی لەلایەن دەوڵەتانی بێگانەوە بۆ سەر ئاسایش و هێمنایەتی ووڵاتدا دەهێنرێت". لە کاتێکدا هەندێ توێژەر پێیان وایە ئاسایش واتە پارێزگاری کردن لە مافی ژیانکردنی گەل.[١٦] چەندین ئامراز هەیە بۆ پاراستنی ئاسایش، کە ئەوانیش دابەشی سەر دوو بەش دەبن، بەشی یەکەمیان ئامرازە نێوخۆییەکانە کە ئەوانیش خۆی دەبینێتەوە لە (زانکۆکان، سەنتەرەکانی توێژینەوەی ستراتیژی، دەزگا سیخوریەکان و ئەمنیەکان، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی). لە کاتێکدا بەشی دووەمی کە ئامرازە دەرەکییەکانە خۆی دەبینێتەوە لە (ئامرازە دیبلۆماسی و ئاشتیخوازەکان، هەروەها ئامرازە سەربازییەکان).[١٧]

### ٢- ٢- ١. ڕەگەزەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

لێرەدا پێویستە بزانین ئاسایشی نەتەوەیی چەند ڕەگەزێکی هەیە، لەوانە:[١٨]

١/ ئاسایشی سەربازی: ئەمە یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، بەو مانایەی پاراستنی نەتەوە لەهەر هەرەشەیەکی کەبەشێوەیەکی فعلی دێتە بەردەم ئاسایشی نەتەوە. بەو مانایەی ئەم ڕەگەزە جۆرێکە لەجۆرەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و تایبەتە بەدامەزراوە سەربازیەکان. ئامانجی ئاسایشی نەتەوەیی ئەوەیە لەرووی سەربازیەوە خاوەن توانایەکی تۆکمەو بەرگریکردنێکی تەواوبێت.

٢/ ئاسایشی سیاسی: ئەم ڕەگەزەی ئاسایشی نەتەوەیی بریتیە لە ئاسایشی سیستەمی سیاسی و بەهێزکردنی یەکبوونی نیشتمانی و بەهێزکردنی یەکریزی گەل، لەپاڵ ئەوەشدا مانای جێگیرکردنی سیاسی و دابینکردنی ئامانجەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لەبواری سیاسیدا. سەقامگیری سیاسی و بەردەوام بوونی سیستەمی سیاسی لەسەر کارەکانی یەکێکە لەرەگەزەکانی ئاسایشی سیاسی.

٣/ ئاسایشی ئابووری: بێگومان باری ئابووری دەوڵەت ڕۆڵێکی کاریگەر لەهێز و تواناکانی

---

[١٦] عامر محسن، مفاهيم الامن: مقاربة بين الامن القومي و الامن الاقليمي و الامن الجماعي، بحث منشور في مجلة السياسية و الدولية، العدد١٥، السنة ٢٠٠٩، ص ص١٥٣-١٦٤

[١٧] أ.م.د. محمد كريم كاظم و مازن حميد شلال، مراكز البحوث و دورها في صناعة القرار و تحقيق الامن القومي، بحث منشور في مجلة الشؤن السياسية، العدد ٥٠، السنة ٢٠١٧، ص ص ٥٣-٦٨

[١٨] عامر محسن, نفس المصدر

دەوڵەت دەبینێت، چونکە بەبێ بناغەیەکی ئابووری بەهێز ناتوانرێت گشت پایەکانی ئاسایش جێگیر بکرێت، ئاسایشی ئابوری چەند لایەنێکی گرنگ لەخۆدەگرێت:

A. ئاسایشی خۆراك: مەبەست لێی دابینکردن و بەردەستکردنی خۆراکە بۆگشت دانیشتوانی دەوڵەت چ لەکاتی ئاشتی بێت یان لەکاتی شەر بێت، بەجۆرێك کە هەر گۆرانکاریەك لە دۆخی ئابووری کار لەدابینکردنی خۆراك نەکات، یان دەوڵەت بەلایەنی کەمەوە بەشی شەش مانگ یەدەگی پێویستی لە خۆراك لەبەردەست بێت.

B. ئاسایشی ئاو: هەرچەندە ئاو پێویستیەکی گرنگە لەپێداویستیەکانی مرۆڤ لەهەموو بوارەکاندا، بەڵام لەهەمان کات کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر دابینکردنی خۆراك.

٤/ ئاسایشی کۆمەڵایەتی: ئەم لایەنە پەیوەندی بە هەستی نیشتمانی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە، بۆ گەیشتن بە بارودۆخی یەك پارچەیی کۆمەڵگە پێویستە ئەو کۆمەڵگەیە دوورکەوێتەوە لەتوندوتیژی و هەوڵدان بۆ گەیشتی هەموو چین و توێژەکان بە مافی رەوای خۆیان.

٥/ ئاسایشی مەعنەوی یان ئایدۆلۆژی: ئەرکی سەرەکی بریتیە لە پارێزگاری کردن و پاراستنی داب و نەریت و رەوشت و بەها جوانەکانی کۆمەڵگە.

٦/ ئاسایشی ژینگەیی: ئەرکی سەرەکی ئەم رەگەزەی ئاسایشی نەتەوەیی بریتیە لە دابینکردنی دڵنیایی و هێمنایەتی بۆ وولات لەرووی ژینگەوە و چارەسەرکردنی مەترسیە ژینگەییەکان، هەروەها لەناوبردنی پاشماوەی کارگەو دامەزراوە پیشەییەکان، هەروەك ئەرکی سەرەکی ئەم رەهەندە هەموو ئەو کارگانەی زیان بە مرۆڤ دەگەیێنێت، لەهەمان کاتدا پێویستە بەشێوەیەکی زانستیانە پاشماوەی کەل و پەلە بەکارهاتووەکان لەناو ببردرێت تاوەکو کۆمەڵگە توشی نەخۆشی نەبێت.

### ٢- ٢. ئاسایشی کۆمەڵایەتی

تا ئێستا توێژینەوەکانی تایبەت بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی نەیانتوانیوە پێناسەیەکی گشتگیر و یەکگرتوو بکەن بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا ئەم رەهەندەی ئاسایش بەستراوەتەوە بە پاراستنی تاك لەهەر هەرەشەو مەترسیەك کە دەکرێ لە کۆمەڵگەکەی خۆیەوە بکرێتە سەری. بەڵام لەبواری نێودەوڵەتیدا چەمکێکی هاوشێوە هەیە کە بریتیە لە ئاسایشی بەکۆمەڵ کە ئەوەیش پێناسە کراوە بە " بەو سیستەمەی کە کۆمەڵەیەکی نێودەوڵەتی رێکخراو کە بەرپرسیارەتی هەڵدەگرن بۆ پاراستنی هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی بەرامبەر هەر هەرەشە و دەستدرێژیەك"[١٩].

بەڵام ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی نێوخۆییەو مەفهوم و پێکهاتەی جیاوازی هەیە لە ئاسایشی بەکۆمەڵ، کە ئەم رەهەندەی ئاسایش زیاتر بە بوارە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانەوە بەستراوەتەوە، لەسەر ئەو بنەمایە ئاسایشی کۆمەڵایەتی گوزارشتە لەو هەستەی یان دۆخە

[١٩] عبد الله محمد آل عيون، نظام الأمن الجماعي في التنظيم الدولي الحديث، دراسة تحليلية وتطبيقية، ١٩٨٥م، ص١٩.

سروشتیەی کە لەبەرژەوەندی تاکەکانی کۆمەڵگەدایە، کەواتە دەتوانین بڵێین ئاسایشی کۆمەڵایەتی بریتیە لە ((هەست کردنی دەوڵەت بەدڵنیایی و سەقامگیری، بەهۆی نەبوونی دیاردەی کۆمەڵایەتی کە پێچەوانەی بەها راستەقینەکانی کۆمەڵگە و پرەنسیپە باڵاکانی بێت))[٢٠] هەر لەم چوارچێوەیەدا ئاسایشی کۆمەڵایەتی گوزارشتە لە ((لەو دۆخەی کە جێبەجێدەکرێ لەسەر هەستی ئینتما و پشت دەبەستێت بە سەقامگیری و کۆڵەکەکانی وەستاوە لەسەر سیستەمێك بەو مانایەی ئەو دۆخە گریمانەی ئەوەی لێدەکرێت کە ستراکچەرێکی رێکخراوەیی و رێکخستنێکی کۆمەڵایەتی رێککەوتوو هەبێت کە تاکەکانی هەستی ئینتیمایان بۆی هەبێت، هەروەها بە جێگیری وسەقامگیری و بەردەوامی دەناسرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی بەشەکانی رێکخستنی ماف وئەرکەکان دیاریدەکات کە یارمەتیدەرە بۆ رێکخستنی رەفتاری رێکخراوی تاکەکان لەهەموو دۆخە کۆمەڵایەتیەکاندا)) [٢١] لەم پێناسەیەوە دەکرێ هەندێ بونیادی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەڵبهێنجێنین، لەوانە:

أ. هەستی ئینتیما بۆ کۆمەڵگە.
ب. سەقامگیری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە.
ت. بوونی ستراکچەرێکی رێکخراوەیی و رێکخستنێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە.
ث. جێگیری و سەقامگیری و بەردەوامی کۆمەڵگە.
ج. دیاریکردنی ئەرك و مافەکانی تاك لە کۆمەڵگە.
ح. پەیوەست بوون بە بەها و پرەنسیپە باڵاکانی کۆمەڵگە.

### ٢- ٣. رەهەندەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی

لەژێر رۆشنایی تێگەیشتنێکی فراوان بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی، بەوەی واتای ئامادەسازی بارودۆخێکی گونجاوە بۆ ژیانێکی سەقامگیرە، ئەمەش لەرێگەی ئەو رەهەندانەی خوارەوە دەبێت:[٢٢]

**یەکەم/** رەهەندی سیاسی، بەشێوەیەکی سەرەکی خۆی دەبینێتەوە لە پاراستنی کیانی سیاسی دەوڵەت، هەروەها پاراستنی بەژەوەندیە باڵاکانی، لەگەڵ رێزگرتن لە سیمبولە نەتەوەییەکان و ئەو شتانەی کە زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەری رێککەوتوونە، هەروەها پەنا نەبردن بۆ سەرپەرشتی لە لایەنە بیانیەکان یانیش کارکردن لەژێر ئەجێندایەکی نانیشتمانی سەرەرای ئەوەی بەهانەو پاڵنەرەکانیش هەرچی بێت، لەگەڵ ئەوەشدا رەهەندە سیاسیەکە پەیوەستە بە پەیرەوکردنی گوزارشت لەخۆ کردن بەپێی یاساو پرەنسیپە بەرکارەکانی کۆمەڵگە، بەو ئامرازە ئاشتیخوازانەی کە دەبنە هۆی هاتنە ئارای ئاسایش و سەقامگیری بۆ دەوڵەت.

**دووەم/** رەهەندی ئابووری، کە ئامانجی سەرەکی لەمە بریتیە لەدابینکردنی هۆکارەکانی ژیانێکی ئاسودەو پرکردنەوەی پێداویستیە سەرەکیەکان، و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری، لەگەڵ کارکردن لەسەر باشکردنی بارودۆخی بژێوی تاك، و هێنانەکایەی دەرفەتی کار بۆ ئەوانەی لە

[٢٠] فهد بن محمد الشقحاء، الأمن الوطني تصور شامل، ص٦٢
[٢١] أحمد المرايايتي، العنف: أسبابه وخلفياته النفسية والاجتماعية، ١٩٩٧م، ص١١.
[٢٢] بارزان جوهر، سەرچاوەی پێشوو

تەمەنی کارکردندان لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی پەرەسەندنی توانست و لێهاتوویی لەرێگەی پرۆگرامی فێرکردن و راهێنان و ئامادەسازی و کردنەوەی دەرفەت بۆ جێبەجێکردنی کاری ئازاد لەچوارچێوەی پرەنسیپ و یاساکان کە توانای ئەوەیان هەبێت هاوشان بن لەگەڵ پێشکەوتنە خێراکان و داواکاریەکانی ژیانێکی خۆشگوزەران.

**سێیەم/** رەهەندی کۆمەڵایەتی، کە مەبەست لێی دابینکردنی ئاسایشتە بۆ هاوڵاتیان بەو ئاستەی کە ببێتە هۆی زیادبوونی هەستکردن بە ئینتیماو لایەنگیری بۆ نیشتمان، هەروەها کارکردن بۆ زیادکردنی توانستی دامەزراوە ئاراستەکراوە نیشتمانییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی گیانێکی مەعنەوی، و زیادکردنی هەستی نیشتمانی و پیرۆزیەکانی نیشتمان و رێزگرتن لە مێژووەکەی کە خۆی لە ناسنامەو ئینتیما شارستانی و قۆستنەوەی بۆنە نیشتمانیەکان دەبینێتەوە کە یارمەتیدەرن بۆ قوڵبوونەوەی ئینتیما. هەروەها کارکردن لەسەر هاندانی دروستکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ پیادەکردنی رۆڵی لە دۆزینەوە بەهرە، توانا شاراوەکانی تاك، و پاڵپشتی کردنی بەهزری کاری خۆبەخشی بۆ ئەوەی ئەو دامەزراوانە بتوانن بەرۆڵە سەرەکیەکەی خۆیان هەستن لەپاڵپشتی کردنی دامەزراوە فەرمییەکان لەسەرجەم بوارەکاندا.

**چوارەم/** رەهەندی مەعنەوی و بیروباوەری، ئەمەش لەمیانەی رێزگرتن لەبیروباوەرە نەتەوەیی و ئاینییەکان و رۆڵی ئەم رێزگرتنە لە یەکبوونی هاوڵاتیاندا. لەرێگەی لەبەرچاوگرتنی ئازادی ئاینی و بیروباوەری بۆ کەمینەکان، هەروەك ئەم رەهەندە پێویستی بە رێزگرتنە لە هزر و داهێنان، هەروەها پارێزگاریکردن لە نەریتە باشەکان و ئەو نەریتانەی لە باوانەوە بەجێماوەن و جێگر بوونە لەهزری تاکەکانی کۆمەڵگەدا، بەشێوەیەك کە دەستگرتن پێیانەوە بووەتە هۆی کۆبوونەوەی تاکەکان لەدەوری شتێك سەرەرای جیاوازی لەبۆچوونیان.

**پێنجەم/** رەهەندی ژینگەیی، ئامانجی ئەم رەهەندە پاراستنی ژینگەیە لەو مەترسیانەی هەرەشەن لەسەری وەك پیسبوونی ژینگە بە تایبەت لەو کۆمەڵگە نیشتەجێیانەی نزیکن لەو کارگانەی گازی پیس بڵاو دەکەنەوە کەدەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە، و زیان بەرەگەزە سەرەکییەکانی ژینگە دەگەیێنێ لەرووی سەوزایی و ئاووەوە. هەروەها بەشێکی ئەم رەهەندە پەیوەستە بەقەڵاچۆکردنی پیسبوونی دەریایی کەزیان بەژیانی دەریایی و سامانی ماسی دەگەیێنێت کە سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی داهاتی تاك. ئەمانەش جگە لەبوونی هۆشیاری تاك پێویستیان بە دارشتنی یاسا و رێکاری تایبەت هەیە.

## ٣. کاریگەری زانکۆ لەسەر پرۆسەی ئاشتەوایی لە کۆمەڵگە

### ٣- ١. ئەرکەکانی زانکۆ لەبەهێزکردنی پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگە

زانکۆ لە هەر کۆمەڵگەیەك بێت ناتوانێ بە ئەرکی راستەقینەی خۆی هەستێ لە گۆرانی کۆمەڵایەتیدا ئەگەر نەتوانێ کارلێك دروست بکات لەنێوان خۆی و ئەو ژینگەیەی تێیدایە. لەلایەکی دیکەوە چەندین توێژەری ئەو بوارە دانیان بەوەداناوە کەپەیوەندی هەیە لەنێوان فێرکردنی زانکۆیی و پێشکەوتن وبەدیهێنانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، چونکە هەردووکیان کار لەسەر بەهێزکردنی

توانستەكان دەكەن ووزە بەگیانی داهێنان و هێنانەكایەوە دەبەخشن لەلای تاك. لێرەوە گرنگی زانكۆمان بۆ دەردەكەوێت لە دروستكردنی گەنجێك كە توانای هەستانەوەو پێشكەوتنی هەبێت[٢٣]. وانەپێدان و توێژینەوەی زانستی دوو ئەركی سەرەكی زانكۆبوون لە سەرەتادا، پاشان ئەركی سێیەمی بۆ زیادكرا كە خزمەتكردنی كۆمەڵگەیە بەو مانایەی زانكۆ خۆی دامەزراوەیەكی فێركاری باڵایە و بۆیە پێویست دەكات پەیوەندییەكی پتەوی هەبێت لەگەڵ كۆمەڵگە، پاشان ئەو ڕۆڵەی زانكۆ لەئێستادا پێی هەڵدەستێ بووەتە شوێنی ڕەزامەندی كۆمەڵایەتی لای پسپۆڕانی بواری فێركردن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١/ فێركردن:**

ئەم پرۆسەیە بەیەكێك لە گرنگترین ئەركەكانی زانكۆ دادەنرێت سەرەڕای ئەوەی سەرەكیتیریانە، ئەم ڕۆڵەی زانكۆ دەیگێڕێت لە هێزی مرۆیی شیاو و ڕاهێنراو گرنگە بۆ سوود وەرگرتن لێی لە هەستانەوەی كۆمەڵگەو پێشكەوتن و پتەوكردنی پەیوەندییەكانی. دەكرێ سەیری زانكۆ بكەین لە گۆشەی بەرهەمهێنانی هێزی مرۆیی ڕاهێنراو بەوەی دامەزراوەیەكی بەرهەمهێنەرە، لەسەر ئەو بنەمایەیە یەكێك لە بەرپرسیارەتییەكانی زانكۆ بووەتە ڕاهێنان دوای ئامادەكردن، چونكە لەڕێگەی ڕاهێنانەوەیە كەدەكرێ ئاراستە هاوچەرخەكانی پسپۆڕییە جیاوازەكان بڵاوبكرێنەوە.[٢٤]

**٢/ توێژینەوەی زانستی:**

ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە زانكۆكان هۆكارێكی سەرەكی و گرنگی بەرزبوونەوەی ئاستی فێركردنە، تەنانەت ئەو توێژینەوە سەركەوتووانە دەكرێ جەخت بكاتە سەر ئەو كێشە جیاوازانەی كە ڕووبەڕووی كۆمەڵگەو پێداویستیەكانی دەبنەوە، ئەم لایەنەش ڕۆڵی هەیە لە قوڵكردنەوەی پەیوەندی نێوان زانكۆ و كۆمەڵگە. هەروەها كەمی توێژینەوەی زانستی كە لەلایەن دەستەكانی كەرتی تایبەتییەوە تەمویل دەكرێت لە كۆمەڵگە ئەمەش بەهۆی نەبوونی پەیوەندییە لەنێوان زانكۆو دەستەكانی كۆمەڵگە، بۆیە پێویستە زانكۆ ڕۆبچێتە نێو كۆمەڵگەو توێژینەوەكانی جەخت لەسەر كێشەكانی بكاتەوە، بەو پێیەی توێژینەوەی زانستی كۆڵەكەیەكی بنەڕەتی و سەرەكی كۆڵەكەكانی زانكۆیە بەمانایەكی ڕاستەقینە. هەر چەندە گرنگی بە توێژینەوەی زانستی بدرێت ئەوەندە ڕۆڵی زانكۆ گرنگتر دەبێت لەناسینەوەی كێشە ئابووری و كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگە، بەشێوەیەك كە لەنێو زانكۆدا چەندین بۆچوون و ڕاوێژ و تەنانەت چارەسەریش پێشكەش دەكرێت بۆ سەركەوتن بەسەر كێشەو قەیرانەكان كە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم پێشكەوتنی كۆمەڵگە.

زانكۆ بەسەرچاوەی بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیریدادەنرێت لە كۆمەڵگەدا كە لەمیانەی زانكۆوە كێشەكانی خۆی دەناسێت و هەوڵدەدات لەڕێگەی زانكۆوە چارەسەری بكات، بۆیە پێویستە زانكۆ دەرگاكانی بەڕووی كۆمەڵگەدا واڵابكات و دەرفەت بۆ ڕۆڵەكانی دروستبكات جگە لەوەی

[٢٣] محمد حسنين العجمي، الاتجاهات الحديثة في القيادة الادارية والتنمية البشرية- ط١، دار الميسرة للنشر والتوزيع، عمان – ص٨٠

[٢٤] محمد منير مرسى، التعليم الجامعي المعاصر قضاياه واتجاهاته، دار الثقافة، قطر- الدوحة، الطبعة المنقحة، ١٩٨٧، ص ٢٥

قوتابیەکانی دەتوانن کە سود لە زانست ورۆشنبیری وچارەسەری زانستیەکەی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی وەرگرن، بەم ڕێگەیە بەشدار دەبن لەچالاککردنی گەشەی کۆمەلایەتی.[٢٥]

کەواتە دەتوانین بڵێین پێویستە زانکۆ بەسێ ئەرکی سەرەکی هەڵسێت کە بریتین لە وانەپێدان و توێژینەوەی زانستی و خزمەتکردنی کۆمەڵگە، گرنگیدان بەم ئەرکانە گۆڕانکاری بەسەردادێت بەپێی بارودۆخ و فەلسەفەی هەر زانکۆیەك. ئەگەر ئەرکی زانکۆ تەنها لە وانەپێداندا کورت ببێتەوە، ئەوا زانکۆکە کەمتەرخەمەو هیچ کاریگەرییەکی نابێت لەو کۆمەڵگەی کەلێی دروست بووە، چونکە دروستکردنی زانکۆ لە هەر کۆمەڵگەیەك وا پێشبینی لێ دەکرێت ئەم زانکۆیە هەوڵبدات بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری لەو کۆمەڵگەیە ئەگەرچی گۆرانکاریەکە زۆر کەمیش بێت. ئەم سێ ئەرکەی زانکۆ هەموویان بەیەکدادەچن و لەپەیوەندی پەتەودان، تەنانەت خزمەتی یەکتریش دەکەن. وانەپێدان دەبێتە هۆی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و خزمەتکردنی کۆمەڵگە، هەروەها توێژینەوەی زانستی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەخاتەروو، ئیتر بەم شێوەیە ئەرکەکانی زانکۆ بەیەکەوە دەبەسترێنەوە.

کەواتە ئەگەر بپرسین چۆن زانکۆ لەمیانەی ئەو ئەرکانەدا بەشداربێت لەبەهێزکردنی پەیوەندی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگە لەپێناو فەراهەمکردنی ئەو ئامرازانەی دەبنە هۆی ئاسایشی کۆمەلایەتی؟ ئەگەر پەروەردە کردن چەندین دامەزراوەی هەبێت، ئەوا زانکۆ یەکێك لەو دامەزراوانەیە، کە بەشداردەبێ لە ئامادەکردنی کەشێکی مەعریفی و بلاوکردنەوەی لەنێوان زۆرترین ژمارەی تاکەکاندا، هەروەها کار دەکات لەسەر گەشەپێدانی ئاراستە هزری و کۆمەڵایەتییەکان کە ببێتە هۆی دابینکردنی رۆشەنبیرییەکی هاوبەش و میتۆدێکی هزری هاوبەش بۆ کارکردن. ئەرکەکانی زانکۆ پێویستە بەراستی هەوڵ بدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لەدەرچوواندنی ووزە مرۆییە راهێنراو و گونجاوەکان بۆ پیادەکردنی کارێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگە. کەواتە ئەرکەکانی زانکۆ کە ئامانج لێی بنیاتنانی مرۆڤ و رۆشنبیرکردنی کەسایەتیەکەتی، لەم ڕێگەیەوە زانکۆ هەوڵ دەدات بۆ بەدیهێنانی ئەم ئەرکانەی خوارەوە:

١. راهێنانی چەندان کادر و ئامادەکردنیان بۆ ئەوەی ببنە پێشەنگ لە کۆمەڵگە.
٢. سود وەرگرتن لە ئەندامانی دەستەی وانەبێژی لە کەرتە جیاوازەکان، لەمەشدا ئەو زانایانەی توانست و لێهاتوویيان هەیە کۆمەڵەیەکی راوێژی و پسپۆری پێکدێنن لەلایەن ئەو کەرتانەوە.
٣. گەشەپێدانی ئاستی مەعریفی کۆمەڵگە لەئاستە جیاوازەکاندا لەدەرەنجامی ئەو ئەنجامانەی زانکۆ پێی دەگات لەرێگەی توێژینەوەی زانستییەوە. ئەرکی زانکۆ بەشێوەیەکی سەرەکی رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندییەکەی لەگەڵ کۆمەڵگەو دۆزینەوەی جۆرێك لە هاوبەشی و ئاڵوگۆری شارەزایی، ئەمە دەبێتە زیادبوونی فراوانی زانکۆ لە پتەوکردنی پەیوەندییەکەی بە کۆمەڵگەوە لەرێگەی ئەوەی ئەنجامی دەدات لە توێژینەوەی زانستی کەوای

[٢٥] م.م مينا رعد خيون، الجامعات ودورها في تاهيل الشباب لتحمل المسؤولية المجتمعية، بحث منشور في مجلة كلية التراث الجامعة، الجامعة التراث، العدد ١٦، السنة ٢٠١٤، ص ص١٢٦-١٣٨

لێدەكات بتوانێت رووبەرووی پرسەكانی كۆمەڵگە ببێتەوە.

### ٣- ٢. رۆڵی زانكۆ لەدابینكردنی بوارەكانی ئاسایشدا

هەموو ئەو چالاكیانەی زانكۆ ئەنجامی دەدا دەكرێ بكرێتە دوو بەش: یەكەم، بواری مەعریفی كە بنیاتنراوە لەسەر وانەپێدانەوە، كە لەرێگەیەوە مەعریفەت دەگوازرێتەوە بۆ نەوەكانی داهاتوو، هەروەها توێژینەوەی زانستی كەدەبێتە هۆی زیادبوونی مەعریفەو نوێبوونەوە. دووەم، بواری كۆمەڵایەتی بەمانای بەشداری چالاكانەو پۆزەتیڤانە لەپڕكردنەوەی پێداویستییە هەنوكەیی و داهاتوویيەكانی تاك و كۆمەڵگە لە كادیری مرۆیی پسپۆر لە بوارە جۆراوجۆرەكاندا[٢٦]. لێرەوە پێویستە هانی زانكۆكان بدرێت بۆ ئەوەی توێژینەوە لە كێشەكانی كۆمەڵگە بكات لەبواری ئاسایشدا، هەروەها ئەو پێداویستی و ئەولەویەتیانە دیاربكات كە رووبەرووی كۆمەڵگە دەبنەوە تاوەكو كارئاسانی بكات بۆچارەسەركردنی، ئەگەر زانكۆ هەڵوەستە نەكات لەسەر كێشەكانی كۆمەڵگەو كەموكوریەكان و چارەیان نەكات ئەوە سودی نابێت بۆ كۆمەڵگە.[٢٧]

لەم رۆژگارەی ئێستاماندا زانكۆ بەچەندین ئەركی چالاك و زیندوو هەڵدەستێ كەكاریگەری هەیە لەسەر جولەی كۆمەڵگە هاوچەرخەكان، بەشێوەیەك كە زانكۆ هەڵدەستی بەبنیاتنانی تاقیگەی پشكنین و هەوڵ و ماندووبونی زانستی و گۆڕانكاری هزری، هەروەها دیبەیتی كەلتوری و رۆشەنبیری، و گەڕان بەدوای راستی، هەروەها كاركردن لەسەر نوێكردنەوەی كۆمەڵگە، و دروستكردنی پرد لەنێوان مرۆڤی هۆشیار وكۆمەڵگە. زانكۆ لە رۆژگاری ئەمرۆدا بەتەنها كورت نەكراوەتەوە لەچوارچێوەی كاركردنی ئەكادیمی، بەڵكو دەستی كردووە بەوەی بەشێوەیەكی چالاك بەشداربێ لەپرۆسەی بنیاتنان و پەرەپێدان، و گواستنەوەی كۆمەڵگە لە وابەستەبوونی هزرییەوە بۆ قۆناغی هەستانەوەو سەربەخۆیی، لەم چوارچێوەیەدا بەچەندین رۆڵی هەمەچەشن هەڵدەستێ لەرێگەی ئەندامان و سەركردە كارگێری و زانستییەكانیەوە لەپێناو دەوڵەمەندكردنی كۆمەڵگە بەتوانست و شارەزایی تەكنیكی ئامادەكراو بەشێوەیەكی زانستی بۆ بەشداریكردن لە پارێزگاری كردن لە ئاسایشی كۆمەڵگە، هەروەها ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی كە ئاسایشی كۆمەڵایەتی بەدەست دەهێنێ، لەپاڵ ئەوەشدا بەپرسیارەتی كۆمەڵایەتی لەئەستۆ دەگرێت بەرامبەر ئەو كۆمەڵگەیەی لێی دروست بووە سەرەڕای ئەوەی پێداویستییە ئاساییشیيەكانی پردەكاتەوە.[٢٨]

زانكۆ گرنگی دەدات بەپەرەپێدانی نەوەیەكی گرنگ كە لەقۆناغەكانی داهاتوودا پشتیان پێدەبەسترێت، بۆیە پێویستە زۆر دورنەكەوێتەوە لە راستی كێشەكانی كۆمەڵگە كە كاریگەریان هەیە

[٢٦] د.ساجد الشرقي، دور الجامعات في تطوير و تنمية المجتمع، بحث منشور في مجلة الكوفة، العدد ١، السنة ٢٠٠٨ ص ص ١٩٦-١٨٤

[٢٧] عبد العزيز ابو نبعة، ادارة الجودة الشاملة في مؤس سات التعليم، بحث مقدم لمؤتمر التعليم العالي في الوطن العربي في ضوء متغيرات العص، جامعة الامارات ، ١٩٩٨

[٢٨] م.د.سميرة حسن عطية، دور الجامعات في خدمة المجتمع، بحث منشور في مجلة الجامعة المستنصرية للفنون، العدد ٦٣، السنة ٢٠١٣ ، ص ص ١-٣٧

لەسەر رۆڵ و چالاکی زانکۆ لە ئامانجەکەی لە پەرەپێدان و رۆشەنبیرکردن، بەو مانایەی زانکۆ پرسێکی گرنگی دەکەوێتە ئەستۆ لە جیاکردنەوەی ئەوەی هاوسەنگ و میانڕەوە لەرووی هزری و قبولکراوە لەگەل ئەوەی توندرەووە رەتکراوتەوە.[٢٩]

**٣- ٣. ئەرکەکانی زانکۆ لەبڵاورکردنەوەی کەلتوری ئاشتەوایی**

ئەو رۆڵەی زانکۆ دەیەوێ وەك دامەزراوەیەکی مەعنەوی و مەعریفی بیگێرێ، لەرێگەی (مامۆستا، توێژەر، قوتابی)یەوە بەم کارە هەڵدەستێت وەك ئامرازی سەرەکی بۆ پرۆسەی گۆرانکاری دیموکراسی کە بەشداردەبێ لەدەستەبەرکردنی کەلتوری دیالۆگ، لەکاتێکدا کەلتوری دیالۆگ فاکتەرێکی بنەرەتییە بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی. ئەمەش خۆی دەگونجێنێ لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە سەرەرای جیاوازی ئاراستەکانیشیان، وەك چۆن خۆی دەگونجێنی لەگەڵ رەوتی نیشتمانی لەپێناو بنیاتناندا.[٣٠]

١/ مامۆستایان رۆڵیان تەنها لە وانەکاندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو ئەو توێژینەوانەی لە گۆڤارە زانستی و نازانستیەکان بڵاوی دەکاتەوە وەك رۆژنامەو ماڵپەرەکانی ئەنتەرنیت، هەروەها چاوپێکەوتنی میدیایی و توێژینەوەو بەشداربوونی لە کۆنگرەو کۆنفرانسەکان چ لە دامەزراوە زانستیەکان بێت یانیش لە کۆمەڵەو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بێت. لە هەموو ئەمانەشدا جەخت دەکرێتە سەر گرنگی دیالۆگ و رێزگرتن لەبەرامبەرو تەواوکردنی یەکتر لەپێناو هێنانەکایەی ژینگەیەکی سەلامەت بۆ کۆمەڵگەو خودی دەوڵەتیش. هەروەها لەم چالاکیانەی مامۆستایان تێیدا بەشداردەبن ئاگادارکردنەوەی تێدایە بەرامبەر مەترسیەکانی هزری یەکتر رەتکردنەوە، لەم روانگەیەوە مامۆستا هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ پرۆسەی ئاوێتەبوون لەرێگەی بنیاتنانی کۆمەڵگەوە.

٢/ رۆڵی توێژەر لەسەنتەرەکانی توێژینەوە دەردەکەوێت لەمیانەی توێژینەوەو بەشداری کردن لەکۆنگرەو کۆنفرانس و راوێژو پرۆژە هاوبەشەکان. جگە لەمانەی لە دەزگاکانی راگەیاندنی نوسراو بیستراو بینراو بەشداردەبێت، هەروەها لە مەراسیمە میللییەکان و پێشانگاکان بەشداردەبێ بۆ برەودان بە کەلتوری دیالۆگی ئاشتیخواز وگرنگییەکەی لەچارەسەرکردنی برینی ئەو کۆمەڵگەیەی کە دەیەوێ هەڵبستێتەوە.

٣/ قوتابی زانکۆ بەئامرازی سەرەکی دادەنرێت لەبڵاوکردنەوەی کەلتوری دیالۆگی ئاشتیخوازانە بەهۆی بڵاوبوونەوەی فراوانی قوتابی لەنێوان بنەماڵەکانیان لەلادێ و شارەکان لەلایەك، وە لەلایەنەکانی کۆمەڵگە لەلایەکی دیکەوە، سەرەرای دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و یانە وەرزشیی و کەلتورییەکان. رۆڵی قوتابی خۆی دەبینێتەوە لەرۆشەنبیرکردن و خاڵی بەستنەوەی زانکۆو کۆمەڵگە. لەمیانەی قوتابی زانکۆوە بەهاو پرەنسیپەکان دەگوازرێنەوە بۆ برایەتی و نزیکی و

[٢٩] الدكتور أسامة مرتضى، دور الجامعات في تعزيز ثقافة الحوار و بناء الوحدة الوطنية في العراق، بحث منشور في مجلة السياسية و الدولية، العدد ١٥، السنة ٢٠١٠، ص ص ٧٥-٨٢

[٣٠] الدكتور صالح عباس الطائي، دور الجامعات في ترسيخ ثقاف الحوار، بحث منشور في المجلة السياسية و الدولية، العدد ١٤، سنة ٢٠١٤، ص ص ٥٣-٦٠

هاورێیەتی لەگەڵ چینەکانی کۆمەڵگە لەسەرجەم ناوچە جیاوازەکانی دەوڵەتدا. [31]

بۆ پتەوکردنی کەلتوری دیالۆگی ئاشتیانە پێویست دەکات زانکۆکان پشت بەچەندین شێوازو ئامراز ببەستن، ئەمەش دەکرێ لەمیانەی:

١- جەخت کردنەوە لەسەر دیالۆگی هێمنانەو ڕێزگرتن لە بۆچوونی بەرامبەر، کە ئەمە هاوکار دەبێت لەتوانەوەی دیبەیت و دەمارگیری، هەروەها یارمەتیدەر دەبێت لە نزیککردنەوەی بیرۆکەکان لە خزمەت ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا.

٢- بانگهێشت کردن بۆ پتەوکردنی خاڵەکانی بەیەکگەیشتن و بنەما هاوبەشەکان لەنێوان لایەنگرە جیاوازەکان و شوناسە لاوەکیەکانەوە، ئەمە ژینگەی ئاشتیخوازانە قوڵ دەکاتەوەو هانی هەمووان دەدات بۆ کارکردن بەرۆڵێکی زیاتر لەژێر چەتری کۆمەڵگەدا.

٣- لەمیانەی وانەکانی زانکۆ و چالاکییەکانی دیکەوە، زانکۆ مەبەستییەتی پارێزبەندی قوتابی پتەوبکات و کار لەسەر بەهێزکردنی کەسایەتییەکەی بکات بۆ ئەوەی زیاتر شیاوبێت بۆ تێگەیشتن لەو ئامانجانەی دەبنە هۆی هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخواز.

٤- پەروەردەکردنی قوتابی لەهۆڵەکانی زانکۆ لەسەر پرەنسیپی خۆشەویستی و خۆگونجاندن هەرچەندە بۆچوونەکانیش جیاوازبن، هەروەها پەروەردەدەکرێن لەسەر جەخت کردن سەر بنەما بنەرەتییەکانی پارێزگاری کردن لەئاسایشی کۆمەڵایەتی، بنیاتنانی ئەمەش پێویستی بە کەلتوری دیالۆگ و ئەوپەری کارکردنی هەر تاکێکە.

٥- بەرزکردنەوەی هۆشیاری سەرجەمی هاولاتیان بۆ ئەوەی پارێزگاری بکەن لەئاسایشی کۆمەڵایەتی ببێتە مەنهەجێکی ڕەفتاری ڕۆژانە، ئەمەش لەمیانەی کۆنگرەو کۆنفرانس و چاوپێکەوتنە ڕۆژانەییەکانی مامۆستایانی زانکۆ.

٦- هەماهەنگی زانکۆکان لەگەڵ دامەزراوە فەرمییەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئامادەکردنی هاولاتی چاك و گرنگیدان بەرۆشنبیر و پتەوکردنی رۆڵەکەی لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و برەودان بە گوتاری (ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەپێناو کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخواز) هەروەها هەمووان بەرپرسن لەبنیاتنانی.

زانکۆ دامەزراوەیەکە بۆ بیرکردنەوەو پێشبینی کردن و توێژینەوە لە بارودۆخی کۆمەڵگە لەپێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگە، زانکۆ هەڵدەستێ بەدەوڵەمەند کردنی کۆمەڵگە بە تواناو لێهاتوویی ڕاهێنراو وئامادەکراو بۆ بەرێوەبردنی کارەکانی و بەدەستهێنانی گەشەسەندنی و بەشداربوون لە وێناکردن و ئاراستەکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی[32]. لێرەوە پێویستە زانکۆ ڕۆڵەکەی لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی سیاسی زۆر چالاك بێت بەو پێیەی دەتوانێ کاریگەری لەسەر هزری قوتابی هەبێت و بەها شارستانییەکان ومافاکانی ماف وئەرکیان تێدا بچێنێت لەمیانەی ڕێکارە ڕۆژانەییەکان کە خۆی دەبینێتەوە لە یەکسانی وبلاوکردنەوەی ئازادی هزر ودەربرین بۆ ئەوەی ئاستی توانستیان

[31] نفس المصدر، ص ٥٧

[32] سعاد الشرقاوي: النظم السياسية في العالم المعاصر،جامعة القاهرة، كلية الحقوق

بەرزبێتەوە تاوەکو بتوانن رۆڵە راستەقینەکەی خۆیان لە کۆمەڵگە بگێڕن، هەروەها ببنە هاوڵاتی تێگەیشتوو لەوەی لەکۆمەڵگەکەیان روودەدات، هەروەها بەوەی ئاگاداری ئەوەبن کە چ پێویستە لەسەریان ئەنجامی بدەن بۆ دانانی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو کێشانەی پێویستە رووبەروویان ببێتەوە.[٣٣]

یەکێك لە رۆڵە هاوچەرخەکانی زانکۆ دوورخستنەوەی تاکە لە کۆمەڵگە لە هزری توندرەوی، چونکە لە دامەزراوەکانی زانکۆدا بەهای دژایەتی کردنی تیرۆر بەهایەکی باڵایە، ئەمە جگە لەوەی زانکۆکان هەوڵ دەدەن تاك لەکەوتنە ژێر کاریگەری هزری توندرەوی و گروپە تیرۆرستییەکان دووربخاتەوە. بەتایبەتتر زانکۆکان دەتوانن کۆمەڵگە لەهزری تیرۆر و توندرەوی بپارێزن لەرێگەی ئەو چالاکییانەی ئەنجامی دەدەن،[٣٤] بە دوورخستنەوەی هزری توندرەوی و بڵاوکردنەوەی کەلتوری هزری ئاشتیخوازانە، زانکۆکان دەتوانن ببنە کۆڵەکەیەك لە کۆڵەکەکانی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

هێلکاری ژمارە (٢) چۆنیەتی رۆلبینینی زانکۆکان لە فەراهەمکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی




**سەرچاوە:** أ.م.د. زرزار العیاشي، دور الجامعات العربیة في خدمة المجتمع في ضوء مسؤلیتها الاجتماعیة، بحث منشور مجلة الكوفة, العدد 32, سنة 2017, ص ص 248-272.

---

[٣٣] طە حمید حسن، التنشة الاجتماعیة في الجامعات العراقیة و دورها في تنمیة الثقافة الحوار، بحث منشور في مجلة السیاسیة و الدولیة، العدد ١٤، السنة ٢٠١٠، ص ص ٦١-٨٠

[٣٤] عبدالحسین الشعبان، البیئة الفكریة حاضنة للطرف و الإرهاب و دور الجامعات في التصدي و المواجهة على المستوى الفكري و العلمي, مجلة الدراسات السیاسیة و الامنیة، العدد ٢،٢٠١٨، ص ص ٣٧-٦٢

**٣- ٤. ئامرازەكانی  پتەوكردنی كەلتوری دیالۆگ لە زانكۆكان**

ئەو ڕۆڵەی زانكۆ هەیەتی لەم بوارەدا جێبەجێدەكرێت لەڕێگەی (مامۆستا، توێژەر، فەرمانبەری زانكۆیی، قوتابیان)، ئەمانە بە ڕەگەزی سەرەكی دادەنرێت بۆ پرۆسەی گۆڕانی دیموكراسی كە بەهۆیەوە زەمینە خۆش دەكرێت بۆ كەلتوری دیالۆگ، هەروەها وای لێدەكات بگونجێت لەگەڵ سەرجەم لایەنە جیاوازەكانی كۆمەڵگە. بەمە دۆخێكی پێكەوەژیانی ئاشتیانە دروست دەبێت سەرەرای جیاوازی لە دیدگایان، پاشانیش تێكەڵ بوونی كۆمەڵایەتی دەگاتە ئاستێكی باڵا و پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەیی زیاتر دەچێتە پێشەوە.[٣٥] بەشێوەیەكی گشتی ئامرازەكانی پتەوكردنی كەلتوری دیالۆگ لە زانكۆكان بریتیین لە:

**٣- ٤- ١. ئامرازە مەعریفیەكان**

ناسینی زیاتر تاكەكانی كۆمەڵگە و ڕێزگرتن لە بیرۆكەكانی یەكتر هەرچەندە لەیەكتریش جیاواز بن، بووەتە یەكێك لەپێداویستیە بنەرەتییەكانی پێشكەوتنی كۆمەڵگە، لەبەر ئەمەیە دانپێدانان بە بەرامبەر و تاوانی دیالۆگ بووەتە بەشێكی دانەبراو لە مۆڕالی تێگەیشتن لەپێناو بنەماكانی پێكەوەژیان. بەدیهێنانی ئەم ئاوێتەبوون و پێكەوەژیانە هەمیشە ڕووبەڕووی جۆرێك لە ئاستەنگی دەبێتەوە كۆ خۆی دەبینێتەوە لە بوونی پەیوەست بوونێكی زۆر بە كەلتورە لۆكاڵی و نامەدەنییەكان، بۆیە لێرەدا ڕۆڵی زانكۆكان لەمیانەی ئامرازە مەعریفیەكانەوە گرنگ دەردەكەوێت، كە دەیەوێت لەنێوەندی ئەم هەموو ئینتما جیاوازەدا دەرچەیەكی بابەتیانە بدۆزێتەوە بۆ كۆكردنەوەی كۆمەڵگە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەیەكتر.[٣٦] ئەمەش بە چەند ڕێگایەك ئەنجام دەدرێت

١. مامۆستای زانكۆی پێشكەوتوو یان پێشەنگ: كە پێویستە مامۆستای زانكۆ بەردی بناغەی بڵاوكردنەوەی كەلتوری دیالۆگ بێت لەنێوان قوتابیەكانی لەمیانەی ئەو توانست و ڕەوشتە بەرزانەی هەیەتی، هەروەها لەڕێگەی خۆدوورخستنەوە لەو بابەتانەی سەرچاوەی كێشەن لە كۆمەڵگە جا لەنێوان قوتابیان بێت، یانیش لەنێوان تاكەكانی كۆمەڵگە بێت بە گشتی. لێرەدا ئەو شێوازەی مامۆستا پەیرەوی دەكات كاریگەرییەكی زۆری دەبێت لەسەر قوتابی و پاشانیش كۆمەڵگە چونكە وەك دەستەبژێرێكی پێشەنگ لە مامۆستا دەڕوانرێت.

٢. پرۆگرامەكانی خوێندن: پرۆگرام و بابەتەكانی خوێندن كە لەلایەن مامۆستایانی زانكۆ پشتیان پێ دەبەسترێت، ئاماژەیەكی ڕوونی بەدەنگەوەچوونی زانكۆكانە بۆ پێداویستییە گەردوونیەكانی بڵاوكردنەوەی كەلتوری دیالۆگ و هزری میانڕەوی. ڕەوتی نوێی پرۆگرامی خوێندن لەئێستادا بەرەو ئاسانكاری و كورتكردنەوە ناڕوات، بەڵكو بەئاراستەی چالاك كردنی هزری قوتابی دەڕوات و گیانی داهێنانی تێدا زیندوو دەكاتەوە لەڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆو دیبەیت و هاندان بەرەو بنیاتنانی

---

[٣٥] م.م.عمر هاشم ذنون، دور الجامعات في تعزيز ثقافة الحوار و انعكاسه على مستقبل السلم المجتمعي, بحث منشور في مجلة كلية القانون للعلوم القانونية و السياسية, المجلد ٩, الهدد ٣٣, العام ٢٠٢٠، ص ص ٢٢٥-٢٥٢ ، ص ٢٣٢

[٣٦] طه حميد حسن العنكبي, التنشئة الاجتماعية – السياسية في الجامعات العراقية و دورها في تنمية ثقافة الحوار, المجلة السياسية و الدولية، العدد ١٠٤، جامعة المستنصرية، كلية العلوم السياسية، ٢٠١٠, ص٧٩

عەقلێکی سەلیم و شیکردنەوەی بابەتیانە و ئازادی بیرورا، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە پرۆگرامەکانی خوێندن چەند ئامانجێك بەپاڵ ئامانجە زانستییەکانەوە بپێکێن.[٣٧]

٣. شێوازەکانی وانەووتنەوەو توێژینەوەی زانستی. دوورکەوتنەوە لەشێوازی دەرخکردن و تەلقین بەبێ تێگەیشتن گرنگترین هەنگاوەکانی فێربوونە لەم سەردەمەدا، کە زیاتر پشت دەبەستێت بە گفتوگۆو ڕاوەرگرتن و شیکردنەوەو بەستنەوەی بابەتەکان بەیەکتر. ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆری وانەکان تەرخان دەکرێ بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی دیبەیتی زانستی و دوور لەتوندوتیژی.

٤. کتێبخانەکانی زانکۆو کەلتوری دیالۆگ، کە پێویست دەکات کتێبخانەکانی زانکۆ پربکرێت لەو سەرچاوانەی زیاتر لەسەر کەلتوری دیالۆگ جەخت دەکەنەوە.[٣٨]

### ٣- ٤- ٢. لێکەوتەکانی کەلتوری دیالۆگ لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی

کەلتوری دیالۆگ بەگرنگترین فاکتەرەکانی بەدیهێنانی ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە دادەنرێت، دیالۆگ تێکەڵبوونی تاکەکان زیاتر دەکات و گیانی دڵنیایی دەبەخشێتە لایەنە جیاوازەکان، هەروەها ئەو بۆشاییەی لەنێوان ڕەوتە هزرییە دژەکان هەیە، کەم دەکاتەوە. بەشێوەیەك کە دەتوانین پێناسەی ئاشتی کۆمەڵایەتی بکەین بەوەی بریتیە لەبوونی سەقامگیری و ئاسایش و دادوەری بۆ مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە یان لەنێوان چەند کۆمەڵگەیەکی جیاواز.[٣٩] سیستەمی فێرکردنی پشتبەستوو بەپتەوکردنی کەلتوری دیالۆگ، لەگرنگترین کۆڵەکەکانی ئاشتی کۆمەڵایەتییە بۆ ئێستا و بۆ داهاتووش، قوتابیانی زانکۆ کە وەك دەرهاوێشتەیەکی ئەم سیستەمەن (output)، نوێنەرایەتی گرنگترین پێوەری هێز دەکەن بەشێوەیەك کەوا گۆشکردنیان بەکەلتوری دیالۆگ وایان لێدەکات ببنە ئامرازێك چالاك لەگواستنەوەی کۆمەڵگە بۆ ئاستێکی باشتر و پاشانیش هێنانەکایەی ئاشتی کۆمەڵایەتی.[٤٠] پێوانی ڕەنگدانەوەی کەلتوری دیالۆگ لەزانکۆکان لەسەر ئایندەی ئاشتی کۆمەڵایەتی لەڕێگەی دوو ئەگەرەوە دەکرێت:

١. گریمانەی یەکەم: ئەو گریمانەی ئەم ئەگەرەی لەسەر بنیاتنراوە، ئەو بەهایەی لە کەلتوری دیالۆگەوە بەدەست دێت لەلایەن قوتابیانی زانکۆوە، چ ئەوانەی بەردەوامن یان دەرچووی زانکۆن، دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ وێناکردنی هێلەکانی ئاشتی کۆمەڵایەتی، هەروەها چالاککردنی ئەو دەستپێشخەری و چارەسەریانەی تایبەتن بە پتەوکردنی تێکەڵبوونی سەرجەمی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، لەپێشدا پێویستی بە پاڵپشتییەکی سیاسی هەیە کە هاوشان بێت بەپاڵپشتی ئابووری. لەگەڵ بوونی پرۆسەی پلاندانان بۆ وەبەرهێنان لە هێزی شاراوەی خوێندنی باڵا بەشێوازێکی زانستی

---

[٣٧] خلود عطية الفليت, اليات ثقافة الحوار احتران الراى الاخر لدى طلبة الجامعات الفلسطينية, دراسة مقدمة لمؤتمر جامعة فلسطين تحت عنوان (ثقافة الحوار و ضرورة وطنية) ٢٠١٥, ص ١١-١٢

[٣٨] طه حميد حسن العنبكي, ص٥٧

[٣٩] عمر هاشم، المصدر السابق ص ٢٣٩

[٤٠] محمد وائل القيسى، السلم الاجتماعى: المقومات و اليات الحماية "محافظة نينوى أنموذجا", مركز نون للدراسات الاستراتيجية, ٢٠١٧, ص ١٢

دەبنە هۆی گەشەپێدانی یاسا و ڕێگاكانی گەشەسەندن و پشتبەستن بەم تواناییانە.[٤١]

٢. گریمانەی دووەم. پاشەكشەی پەیوەندی و لێكترازانی ئاشتی كۆمەڵایەتی. ئەم گریمانەیە ئەگەرەیكانی لەسەر ئەو ئەگەرە بنیات ناوە كە پاشەكشەی توانست و ئەدای دامەزراوە زانكۆییەكان و ئامادەنەبوونی كەلتوری دیالۆگ و پاشكەوتوویی كۆمەڵگە، پاشانیش بەهۆی كەلەكەبوونی كێشە سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی و ئاسایشییەكان، پرۆسەی ئاشتی كۆمەڵایەتی زۆر دەچێتە دواوە. لەپاڵ سیستەمی سیاسی و گەشەسەندنی سیاسی، زانكۆكان دەبنە یەكێك لەو هۆكارانەی كە دەكرێت كۆمەڵگە بەرەو قەیرانی ئاشتی كۆمەڵایەتی ببەن، بەتایبەت ئەگەر زانكۆ بە ڕۆڵە شارستانییەكانی خۆی هەڵنەستێت.[٤٢]

### ٣- ٥. ڕۆڵی زانكۆ لەقەڵاچۆكردنی هزری توندڕەوی

توندڕەوی چەندین شێوازی هەیە، كە بەشێكیان شاراوەن و بەشێكیان ڕوون و ئاشكران، بەڵام بەهەمموو شێوەكانییەوە دەبنە مایەی هەڕەشەیەكی جدی بۆ سەر ئاسایشی كۆمەڵایەتی لەپێشدا، پاشانیش ئاسایشی نیشتمانی بەشێوەیەكی گشتی. ڕێگاكانی بەرگرتن لەبڵاوبوونەوەی هزری توندڕەوی زۆر و بەربڵاون، بەڵام كاریگەرترینیان ئەوەیە كە لەڕێگەی دامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییەكانەوە بكرێت، لە پێش هەموویانەوە زانكۆكان.[٤٣]

هزری توندڕەوی فاكتەر و هۆكاری زۆرو هەمەچەشنی هەیە، هەندێكیان بەیەكەوە گرێدراون و هەندێكیشیان پەیوەستە بەژینگەی دەرەكیەوە، هەروەها بەشێكی بەستراوەتەوە بەستركچەری دەروونی و خودییەوە، هەموو ئەم فاكتەرانە كارلێك لەگەڵ یەكتر دەكەن بۆ دروست كردنی كەشێكی لەبار لە كۆمگە بۆ گەورەبوونی هزری توندڕەوی. ئەو هۆكارانەی دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی هزری توندڕەوی خۆی دەبینێتەوە لە، گەشەپێدانێكی نادروستی خیزانی، پەراوێزخستن و لاوازی لایەنی ئابووری، ئامادەنەبوونی دادپەروەری كۆمەڵایەتی، لاوازی ئینتیمای نیشتمانی، هۆكارە سیاسییە جۆراوجۆرەكان، هۆكارەكانی پەیوەست بە میدیا، فاكتەرە دەروونییەكان، فاكتەرە پەروەردەییەكان.[٤٤]

بەلەبەرچاوگرتنی پێگە هەستیارەكەی زانكۆ لە كۆمەڵگە لەڕێگەی ئەو ڕۆڵەی دەیگێرێت لەڕووی پەروەردەو فێركردن و ڕێنوێنیكردن و بەشداری كردن لە گواستنەوەی كەلتوری كۆمەڵایەتی گونجاو بۆ قوتابیانی، بە تایبەتی لە قۆناغەكانی كۆتایی كە تێیدا قوتابیان لە قۆناغێكی لاوێتی هەستیاردان، لەوێوە ڕێرەوی ژیانی خۆیان دیاری دەكەن لەڕووی پیشەیی و هزرییەوە. لەبەر ئەمەیە

---

[٤١] عمر هاشم، المصدر السابق ، ص ٢٤٠

[٤٢] نفس المصدر، ص ص ٢٤١-٢٤٥

[٤٣] بينة بنت فهد بن عبدالمحسن الملحم ، الجامعات وصناعة الامن الفكري قرا ءة بولوجية لعلاقة الجامعات بالامن الفكري في المجتمع السعودي، بحث مقدم الى المؤتمر الوطني الاول للأمن الفكري )المفاهيم والتحديات( ، جامعة الملك سعود ، ١٤٣٠ هـ ، ص ٤٦

[٤٤] أ.د.ثائر شاكر محمود الهيتي و أ.م.د.فلاح مبارك بردان, دور الجامعات العراقية في بناء السلم المجتمعي و تعزيز الامن الفكري, دراسة منشورة في المجلة الدراسات الدوليةو العدد ٨٣, السنة ٢٠٢٠، ص ص ٢٠٧-٢٢٣

زانكۆكان لەم قوناغی دارشتنی بەردی بناغەی تاکێکی پێگەیشتوو دەتوانن بەر بگرن لە بڵاوکردنەوەی هزری توندرەوی لە کۆمەڵگەدا.[٤٥] ئەو هۆکارانەی وامان لێدەکەن بڵێین زانکۆکان دەتوانن ببنە فاکتەری سەرەکی لە بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی هزری توندرەوی، بریتین لە:

١. چینی لاوان لە هەر کۆمەڵگەیەك بن بە بەردی بناغەی قۆناغی داهاتوو دادەنرێن، جگە لەوەی خۆیان خاوەنی ئەو داهاتووەن. ئەم چینە سەرمایەکی مرۆیی گەورەیە لەبەردەمی دەوڵەت لەدارشتنی پلانی درێژخایەن بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگە، بەشێکی زۆری ئەم چینە خوێندن لە زانکۆ بەشێکی گرنگی بنیاتنانی پسپۆری و داهاتوویانە، بۆیە زانکۆیە بریاردەدات ئایا ئەم چینە چۆن ئامادەبکات بۆ قۆناغی داهاتوو.[٤٦]

٢. بەرپرسیارەتییەکی گرنگ لە ئەستۆی مامۆستایانی زانکۆیە کە رۆڵی بزوێنەر دەبینێت لە دیاریکردنی ئاراستەو ئامانجەکانی زانکۆ لەرێگەی تێز و بابەتە زانستییەکانی، کە ئەم زانست و شارەزاییە دەگوازێتەوە بۆ قوتابیانی، بۆیە دەکرێت وانەبێژ رۆڵی هەبێت لە گەیاندنی هەر بیرۆکەیەك بۆ قوتابی. لەسەر ئەو بنەمایە ماموستایان دەتوانن رێگەبگرن لە چەکەرە کردنی هزری توندرەوی ل هزری قوتابیانیان.[٤٧]

رێگەگرتن لە توندرەوی تەنها لەرێگەی رێکارە یاساییە توندەکانەوە نابێت، بەڵکو دەکرێ لەرێگەی زانکۆو دامەزراوە هاوتاکانی ئەم کارە بکرێت و کاریگەرییەکەشی زیاتر دەبێت، زانکۆکان دەتوانن لەم بوارەدا چەند شتێك بکەن:[٤٨]

١- رەخساندنی کەشێکی کەلتوری هەمەچەشن لەنێو زانکۆ کە رەنگدانەوەی هەبێت لەسەر هەموو ئەوانەی پەیوەستن بە زانکۆوە.

٢- سەمینەسازی بۆ فرەیی هزری گونجاو بەها کۆمەڵایەتییەکان، ئەم فرەییە قوتابیان و مامۆستایان هاندەدات بۆ قبولکردنی یەکتر بەشێوەیەکی میانرەوانە.

٣- دانانی میتۆدێك بۆ دیالۆگ و یەکتر قبولکردن.

٤- هوشیارکردنەوەی مامۆستایان و قوتابیان و ئاگادارکردنەوەیان لە قەبارەی مەترسیەکانی، ئەمەش لەرێگەی بڵاوکردنەوەی بەهای لێبوردەیی و میانرەوی و نێوەندگیری زانکۆیی.

٥- کردنەوەی دەرگا بەرووی قوتابیان و گفتوگۆکردن لەبارەی لەو ئاستەنگیانەی دێنە بەردەم قوتیان، ئەمەش بۆ پتەوکردنی کەلتوری دیالۆگ لای قوتابیان و دوورخستنەوەیان لەهەموو جۆرە ملکەچی و دواکەوتنێکی ناتەندروست.

[٤٥] أ.د.سامی صالح الصیاد، دور الجامعات فی دحچ الفکر المتطرف، دراسة منشورة في مجلة الدراسات التاريخية و الثافية، العدد ٤٣/٢, السنة ٢٠٢٠ ص ص ١٠٨-١١٦

[٤٦] بینه بنت فهد الملحم، المصدر السابق، ص ٤٥

[٤٧] مسلم خي ا رلله الشمري ومحمود خالد الجردات ، دور اعضاء هيئة التدريس في تعزيز الامن الفكري لدى طلاب، بحث منشور فی المجلة العربية للد ا رسات الامنية والتدريب، العدد ٥٤، المجلد ٢٧، السنه ٢٠١١، ص ١٥٤

[٤٨] أ.د. سامی، المصدر السابق، ص ١١١

**٣- ٤- ١. رۆڵی زانکۆ لەئامادەکردنی پێشەنگی کۆمەڵگە**

گرنگترین ئەرکی زانکۆ بریتیە لە ئامادەکردنی سەرکردە (رێبەر – پێشنگ)ی کۆمەڵگە، کە ئەمەیان کاریگەریەکی زۆری لەسەر ئەوانی دیکە هەیە. زانکۆ دەتوانێ ئامانجەکانی خۆی بپێکێت لەرێگەی ئەو سەرکردانەی کە توانای بەگەرخستنی زانستە نوێیەکانی هەیە، کە گرنگترینیان بریتیە لە توانای وەرگرتنی بریارو هاندانی ئەوانی دیکە بۆ کارکردن لەچوارچێوەی بوونی ئینتیما بۆ نیشتمان، هەروها توانای بەرزی مامەڵەکردن لەگەڵ کەلتورە جیاوازەکان.[٤٩]

دەکرێ بگوترێت کە سەرکردایەتی بریتییە لە پرۆسەی دارشتنی دیدگا بۆ داهاتوو، هەروەها ئەنجامدانی گۆرانکاری داواکراو. سەرکردە بریتییە لەو کەسەی کە ئەوانی دیکە لەرووی هزری و کارکردنەوە بەدوای پلانەکانی ئەووەن، بەشێوەیەك پلانێك دادەنێن بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە بیگرنە بەر بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی سەرکردە دایناوە.[٥٠]

سەرکردایەتی کاری کۆمەڵایەتی چالاکیەکی داهێنەرانەو کۆمەڵایەتییە کە بەهایەك دروست دەکات لەنێو یان لەمیانەی کەرتە قازانج نەویستەکان و بازرگانییەکان و حکومییەکان. سەرکردایەتی کۆمەڵایەتی پرۆسەی دروستکردنی بەهایە بە سودی کۆمەڵگە کە بێبەشە یان پێویستی بەو بەهایەیە بەشێوەیەك هەموو کۆمەڵگە سودی لێ دەبینێ، ئەمیش لەرێگەی داهێنان بۆ رووبەروونەوەی مەترسییەکان.[٥١]

---

[٤٩] أ.م.د.عبير سهام مهدي و أ.م.د.عمار حميد ياسين, دور الجامعات العراقية في اعداد القيادات الشبابية لتعزيز المسؤولية المجتمعية, بحث منشور في مجلة الدراسات السياسية و الدولية, العدد ٣٩-٤٠، السنة ٢٠١٩، ص ص ٢٥٧-٢٨١

[٥٠] امل مصطفى، أثر الانماط القيادية على فاعلية العمل الجماعي بالتطبيق علي الجامعية للطلبة بجامعة عين شمس, رسالة ماجستير، جامعة عين الشمس, القاهرة، ٢٠٠٦، ص٢٨

[51] Carmen Păunescu, The social role of university entrepreneurship, Bucharest University of Economic Studies, 2016, p16

## دەرەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکە وەك وەڵامێك بۆ پرسیاری توێژینەوە گەیشتینە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

١. ئاسایشی کۆمەڵایەتی وەك رەگەزێکی سەرەکی و گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی، چەندین ئاست و رەهەندی جیاوازی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کارکردن لەپێناو بەدیهێنانی ئەم رەگەزەی ئاسایشی نەتەوەیی پێویستی بەکارکردنێکی هەمەچەشنی دامەزراوە جیاوازەکانی کۆمەڵگە هەیە، کە هەموویان بەشێوەیەکی تەواوکاری کار لەچوارچێوەیەکی رێکخراودا دەکەن بۆ پاراستنی ئەم رەگەزەی ئاسایش.

٢. زانکۆ بەچەندین رێگەی جیاوازو لەرێگەی چەند کەناڵێکی هەمەچەشنەوە خزمەت بە کۆمەڵگە دەکات، کە هەر یەکێك لەم کەناڵانە بەشێوەیەکی تایبەت خزمەت بە رەهەندێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە دەکەن و هەموویانیش بەیەکەوە کار لەسەر دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی کراوەو مۆدێرن دەکات کە بگونجێ لەگەڵ پێشکەوتنە هاوچەرخەکان لەرووی هزری و بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە.

٣. زانکۆ لەرێگەی ئەم سەرچاوە مرۆییەی کەلێیەوە بەرهەم دێت هەوڵی بەرۆشەنبیرکردنی تاکی کۆمەڵگەو چاندنی هزری میانرەوی و کرانەوەی بەهاکان دەکات، هەروەك چۆن لەرێگەی چالاکی زانستیەکانی لەشێوەی کۆنفرانس و کۆنگرەو دیبەیتە ئەکادیمییە بابەتییەکانەوە هەوڵدەدات هزری میانرەوی و پێکەوەژیان و رێزگرتن لەبەرامبەر و دوورکەوتنەوە لە توندرەوی بکاتە بەهایەکی باڵا لە کۆمەڵگە.

٤. زانکۆ وەك دامەزراوەیەکی زیندووی کۆمەڵگە لەرێگەی پسپۆریی مامۆستایان و توێژەرانییەوە لەمیانەی کۆنفرانس و وۆرك شۆپ و چالاکیە ئەکادیمییەکانەوە، هەوڵ دەدەن کێشەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکات و قەیرانەکانی بەرەو چارەسەری ببات و راوێژ پێشکەش بەلایەنە پەیوەندیدارەکان بکات هەم بۆ چۆنیەتی رووبەرووبوونەوەی کێشەو قەیرانەکان، هەمیش بۆ بەرێوەبردنی کارەکانیان، لەم رێگەیەوە زانکۆکان دەبنە کەناڵێکی بەشدار لەدارشتنی سیاسەتی گشتیدا.

٥. بەو پێیەی زانکۆ لەوانەپێدان و توێژینەوەو چالاکی ئەکادیمی و گشتی پێکهاتووە، سەرچاوەیەکی مرۆیی گەورە بەچەندین ئاستی جیاواز کاری تێدا دەکەن، چوارچێوەی کارکردنەکەشی گفتوگۆی میانرەوو بنیاتنەرە، بەهۆی ئەم چالاکیە زۆرەی ئەنجامی دەدات و لەرێگەی ئەو ژمارە زۆرەی کادیری پسپۆرو خاوەن هزری میانرەو کاری تێدادەکەن، زانکۆ هەوڵی بڵاوکردنەوەی کەلتوری دیالۆگ دەدات لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە.

٦. کەواتە زانکۆ چەندین ئەرکی جیاواز ئەنجام دەدات لەرێگەی چەند کەناڵ و دامەزراوەیەکی جیاوازەوە، هەر یەکێك لەم ئەرکانەش چەندین ئامانجی لەدواوەوە هەیە، گرنگترینیان بریتییە لە رۆشەنبیرکردنی تاك و هۆشیارکردنەوەی، گەشەسەندنی کۆمەڵگە، پێشکەوتنی زانستی و مەعریفی، کرانەوەی کۆمەڵگە، هاندانی کەلتوری دیالۆگ و یەکتر قبول کردن و رێزگرتن لەهزر و

بۆچوونی جیاواز، برەودان بە هزری میانرەوی و دووركەوتنەوە لەهزرە توندرەوەكان. لەرێگەی ئەم ئەركانەوە چەندین بەهای گرنگ لەكۆمەڵگە دەهێننە كایەوە كە لەدواجاردا وا لەكۆمەڵگەكە دەكەن دەبنە لەبار بۆ سەقامگیری و پاراستنی ئاسایشی كۆمەڵایەتی تێیدا، كەواتە زانكۆ لەرێگەی ئەو ئەركانەی ئەنجامی دەدات، رۆڵی هەیە لەبەدیهێنانی ئاسایشی كۆمەڵایەتی وەك رەگەزێكی گرنگ و سەرەكی ئاسایشی نەتەوەیی.

## لیستی سەرچاوەكان


١. أ.د.ثائر شاكر محمود الهيتي و أ.م.د.فلاح مبارك بردان, دور الجامعات العراقية في بناء السلم المجتمعي و تعزيز الامن الفكري, دراسة منشورة في المجلة الدراسات الدوليةو العدد ٨٣, السنة ٢٠٢٠، ص ص ٢٠٧-٢٢٣

٢. أ.د.سامى صالح الصياد، دور الجامعات فى دحج الفكر المتطرف، دراسة منشورة في مجلة الدراسات التاريخية و الثافية، العدد ٤٣/٢, السنة ٢٠٢٠ ص ص ١٠٨-١١٦

٣. أ.م.د. محمد كريم كاظم و مازن حميد شلال، مراكز البحوث و دورها في صناعة القرار و تحقيق الامن القومي، بحث منشور في مجلة الشؤن السياسية، العدد ٥٠، السنة ٢٠١٧.

٤. أ.م.د.عبير سهام مهدي و أ.م.د.عمار حميد ياسين, دور الجامعات العراقية في اعداد القيادات الشبابية لتعزيز المسؤولية المجتمعية, بحث منشور في مجلة الدراسات السياسية و الدولية, العدد ٣٩-٤٠، السنة ٢٠١٩، ص ص ٢٥٧-٢٨١

٥. إبراهيم عبد الرافع السماد وني، سهام ياسين أحمد: تفعيل دور عضو هيئة التدريس بالجامعات المصرية في مجال خدمة المجتمع، مجلة التربية، كلية التربية، جامعة الأزهر، جزء أول ٢٠٠٥.

٦. أحمد أبو ملحم : أزمة التعليم العالي، وجهة نظر تتجاوز حدود الأقطار، الفكر العربي، بيروت، معهد الانتماء العربي ١٩٩٩.

٧. أحمد المراياتي، العنف: أسبابه وخلفياته النفسية والاجتماعية، ١٩٩٧م.

٨. أحمد أمين عبد العال، الامن القومي العربي بين النظرية و التطبيق، المركز الديمقراطي العربي، بحث منشور في:

٩. امل مصطفى، أثر الانماط القيادية على فاعلية العمل الجماعي بالتطبيق علي الجامعية للطلبة بجامعة عين شمس, رسالة ماجستير، جامعة عين الشمس, القاهرة، ٢٠٠٦

١٠. إيناس عبد المجيد حسن، تطوير أهداف التعليم الجامعي المصري في ضوء بعض المتغيرات العالمية والمحلية والاتجاهات المستقبلية وتحديات معوقات تحقيقها " دراسة ميدانية على جامعة الزقازيق " المؤتمر القومي السنوي الثاني لمركز تطوير التعليم الجامعي، الأداء الجامعي الكفاءة والفاعلية والمستقبل، جامعة عين شمس، مركز تطوير التعليم الجامعي ١٩٩٥.

١١. بارزان جوهر صادق، هەرەشە ناوخۆییەكانی سەر ئاسایشی هەرێمی كوردستان-عیراق، گۆڤاری لێكۆڵینەوە سیاسی و ئەمنییەكان، وەرزی ٣، ژمارە ٦، ٢٠٢٠، ل ل ٨٥-١٣٠

١٢. بينة بنت فهد بن عبدالمحسن الملحم ، الجامعات وصناعة الامن الفكري قرا ءة بولوجية لعلاقة الجامعات بالامن الفكري في المجتمع السعودي، بحث مقدم الى المؤتمر الوطني الاول للأمن الفكري )المفاهيم والتحديات( ، جامعة الملك سعود ، ١٤٣٠ هجري
١٣. خلود عطية الفليت, اليات ثقافة الحوار احتران الراى الاخر لدى طلبة الجامعات الفلسطينية, دراسة مقدمة لمؤتمر جامعة فلسطين تحت عنوان (تقافة الحوار و ضرورة وطنية) ٢٠١٥
١٤. د. زكريا حسين " مدير سابق لأكاديمية ناصر العسكرية بمصر"، الأمن القومي، تحميل من الإنترنت http://www.faculty.yu.edu.jo/jawarneh/DownloadHandler.ashx?... ،pdf
١٥. د.ساجد الشرقي، دور الجامعات في تطوير و تنمية المجتمع، بحث منشور في مجلة الكوفة، العدد ١، السنة ٢٠٠٨.
١٦. الدكتور أسامة مرتضى، دور الجامعات في تعزيز ثقافة الحوار و بناء الوحدة الوطنية في العراق، بحث منشور في مجلة السياسية و الدولية، العدد ١٥، السنة ٢٠١٠.
١٧. الدكتور صالح عباس الطائي، دور الجامعات في ترسيخ ثقاف الحوار، بحث منشور في المجلة السياسية و الدولية، العدد ١٤، سنة ٢٠١٤.
١٨. الدكتور فواز عقل، دور الجامعة في خدمة المجتمع، بحث منشور على رابط التالي:
١٩. سعاد الشرقاوي: النظم السياسية في العالم المعاصر،جامعة القاهرة، كلية الحقوق
٢٠. طه حميد حسن، التنشة الاجتماعية في الجامعات العراقية و دورها في تنمية الثقافة الحوار، بحث منشور في مجلة السياسية و الدولية، العدد ١٤، السنة ٢٠١٠.
٢١. عامر محسن، مفاهيم الامن: مقاربة بين الامن القومي و الامن الاقليمي و الامن الجماعي، بحث منشور في مجلة السياسية و الدولية، العدد١٥، السنة ٢٠٠٩.
٢٢. عبد الرحمن العيسوي: تطوير التعليم الجامعي العرب, الإسكندرية، منشأة المعارف د.ن.
٢٣. عبد السلام عبد الغفار، دعوة لتطوير التعليم الجامعي، بحث منشور في مجلة " دراسات في التعليم الجامعي " جامعة عين شمس " مركز تطوير التعليم الجامعي " القاهرة ، عالم الكتب ١٩٩٣
٢٤. عبد العزيز ابو نبعة، إدارة الجودة الشاملة في مؤسسات التعليم، بحث مقدم لمؤتمر التعليم العالي في الوطن العربي في ضوء متغيرات العص، جامعة الامارات ، ١٩٩٨
٢٥. عبد الله محمد آل عيون، نظام الأمن الجماعي في التنظيم الدولي الحديث، دراسة تحليلية وتطبيقية، ١٩٨٥م، ص١٩.
٢٦. عبدالحسين الشعبان، البيئة الفكرية حاضنة للطرف و الإرهاب و دور الجامعات في التصدي و المواجهة على المستوى الفكري و العلمي, مجلة الدراسات السياسية و الامنية، العدد ٢، ص ص ٣٧-٦٢
٢٧. عمر احمد قدور، ئاسايشى نەتەوەيى و ئاسايشى دەوڵەت، و:ئازاد گراوى، دەزگاى توێژينەوەو بڵاوكردنەوەى موكريانى، هەولێر ٢٠٠٩
٢٨. عمر الأسعد: الجامعات العربية حتى عام ٢٠٠٠ الواقع التصورات المستقبلية، المؤتمر العام السادس لاتحاد الجامعات العربية، التعليم الجامعي والعالي في الوطن العربي عام ٢٠٠٠، صفاء الأمانة

العامة لاتحاد الجامعات العربية ١٩٨٨.
٢٩. فهد بن محمد الشقحاء، الأمن الوطني تصور شامل.
٣٠. م.د.سميرة حسن عطية، دور الجامعات في خدمة المجتمع، بحث منشور في مجلة الجامعة المستنصرية للفنون، العدد ٦٣، السنة ٢٠١٣.
٣١. م.م مينا رعد خيون، الجامعات ودورها في تاهيل الشباب لتحمل المسؤولية المجتمعية، بحث منشور في مجلة كلية التراث الجامعة، الجامعة التراث، العدد ١٦، السنة ٢٠١٤.
٣٢. مجدي عزيز إبراهيم، المنهج التربوي وتحديات العصر، القاهرة، عالم الكتب ٢٠٠٢ .
٣٣. محمد حسنين العجمي، الاتجاهات الحديثة في القيادة الادارية والتنمية البشرية- ط١، دار الميسرة للنشر والتوزيع، عمان.
٣٤. محمد منير مرسى، التعليم الجامعي المعاصر قضاياه واتجاهاته، دار الثقافة قطر، الدوحة، الطبعة المنقحة، ١٩٨٧.
٣٥. محمد وائل القيسى، السلم الاجتماعى: المقومات و اليات الحماية "محافظة نينوى أنموذجا", مركز نون للدراسات الاستراتيجية, ٢٠١٧
٣٦. محمود أحمد شوق، محمد مالك محمد سعيد: تقويم جهود الجامعات الإسلامية نحو خدمة المجتمع والتعليم المستمر " دراسة مقارنة قدم في "المؤتمر القومي السنوي الثاني لمركز تطوير التعليم الجامعي" الأداء الجامعي والكفاءة والفاعلية والمستقبل، جامعة عين شمس، مركز تطوير التعليم الجامعي ١٩٩٥.
٣٧. مسلم خيرالله الشمري ومحمود خالد الجردات ، دور اعضاء هيئة التدريس في تعزيز الامن الفكري لدى طلاب، بحث منشور فى المجلة العربية للد ا رسات الامنية والتدريب، العدد ٥٤، المجلد ٢٧، السنه ٢٠١١
٣٨. مليجان معيض الثبيتى : الجامعات ، نشأتها ، مفهومها ، وظائفها " دراسة وصفية تحليلية " المجلة التربوية، الكويت، جامعة الكويت، مجلس النشر العلمي ع ٥٤ ٢٠٠٠.
٣٩. م.م.عمر هاشم ذنون، دور الجامعات في تعزيز ثقافة الحوار و انعكاسه على مستقبل السلم المجتمعي, بحث منشور في مجلة كلية القانون للعلوم القانونية و السياسية, المجلد ٩, الهدد ٣٣, العام ٢٠٢٠، ص ص ٢٢٥-٢٥٢
40. Carmen P�unescu, The social role of university entrepreneurship, Bucharest University of Economic Studies, 2016